# پێشگریمانە و بنەما فکرییە یاسایی و سیاسییەکانی جیاکاری ئەرێنی ژنان و جێبەجێکردنیان لە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان
# ( یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بە نموونە )

**تحسين حمه سعيد شمس الدين**

**جامعة التنمية البشرية، كلية القانون والسياسة- قسم القانون**

**وشە کلیلییەکان:**
جیکاری ئەرێنی، پێشگریمانەی یاسایی، بنەمایی هزریی یاسایی، توندوتیژی ، یاسا کارپێکراوەکان

## پێشەکی

زیاتر لە نیو سەدەیە چەمکی (جیاکاریی ئەرێنی) خۆی کشاندۆتە ناو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەرهەنگ و سیاسەت و یاساوە، لە بواری یاسادا لە یاسا گشتییەکانی وەك یاساکانی تایبەت بە یاسای دەستووری و یاساکانی هەڵبژاردنەکانەکان و یاساکانی تایبەت بە حیزبەکان لە ڕێگەی زاراوەی (کۆتا) و مسۆگەرکردنی ڕێژەی جێگیر بۆ ژنان، بووەتە بابەتێکی بە ئاسایی قەبوڵکراو لەو بوارەدا و لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای تایبەتی وەك ( یاسای بەرەنگاربونەوەی توندتیژی خێزانی) چەمکەکە لە ناو جیهانی یاسادا زۆرتر جێی خۆي کردووەتەوە، بە تایبەت کە پەیماننامە بە کۆمەڵەکانی وەك (سیداو) پشتگیری ئەو بابەتە دەکەن، ئێستا لانی کەم زیاتر لە سەد و حەفتا وڵاتی جیهان ئەو پوەیملنامەیان پەسەندکردووە، یەکێك لە نمونە پراکتیکییەکانیشی کە بریتییە لە (کۆتا) لە یاسا کارپێکراوەکانی خۆیاندا جێبەجێ دەکەن.

سەرەراي ئەوەی جێگرتنی ئەم بابەتە لە ڕێگەی یاسا و دەستیوەردانی دەوڵەتەوە لە ڕێگەی سەرەکیترین سەرچاوەی یاساییەوە کە بریتییە لە یاسادانان (التشريع) روو دەدات و پەیوەندی بە چەمکی عەدالەتەوە هەیە کە یەکێك لە چەمکە سەرەکییەکانی یاسا و بابەتە هاوبەشەکانی نێوان سیاسەت و یاسایە ، وێە لە کایەی سیاسەتدا جێگەی گرنگییێدان بووە. ئەگەرچی راڤەکردن و لێکۆڵینەوە لەو یاسایانەی ژنان دەپارێزن پانتاییەکی فراوانی لێکۆڵینەوە یاساییەکانی بۆ خۆي بردوە . بەڵام ئەوەی جێگەکەی زۆر پر نەکراوەتەوە بریتییە لە لایەنی هزري یاسایی و سیاسی ئەو بابەتە گرنگە لە توێژینەوە یاسایي و سیاسییەکاندا. لەسەر ئەوبنەمایەی کە زۆرجار بابەتێکی دیاریکراو ئاماژەیە بۆ کایەیەکی لە خۆی گەورەتر هەروەك خوالێخۆشبوو داودی فەیرەحی زانای سیاسەتناسی ئێرانی بەناوبانگ دەڵێت ئەگەر لەبەردەم ئاوێنەیەکی گەورەداخۆت رابگری هەموو جەستەی خۆت دەبینیت خۆ ئەگەر ئاوێنەکە بشکێت و پارچەیکی هەڵبگریت و لە دوورییەکی دیاریکراو دایبنێیت ئەوا دووبارە دەتوانیت هەموو خۆتی تێدابیبنیتەوە، لێرەوە ئەگەرچی چەمکی (جیاکاری ئەرێنی ) لە رووکەشدا پارچەیەکی بچووکە بەڵام دەشێت پانتایي فراوانی عەدالەتی تێدا پیشان بدەیت، کە عەدالەت بابەتێکی هاوبەشی نێوان سیاسەت و یاسایە، چاکسازی لە لەو چەمکەدا و بە بنەماکردنی چاکسازییە هەم لە دونیای گەورەتری سیاسەت و یاساشدا، بە تایبەت لەو بەشانەی یاسادا کە سروشتی سیاسییان هەیە کە ئەوانیش یاسا گشتییەکانن و چاکسازی لەواندا چاکسازی سیاسی دەوێت. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە

تایبەتکراوە بە پیشاندانی پێشگریمانە و بنەما هزرییە یاساییەکانی (جیاکاری ئەرێنی ژنان) و جێبەجێکردنیان بەسەر یاساکارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستان و (یاساي بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژي خێزانی)یش بەنمونە کە پیشاندەری چاکسازی یاسای گشتی و لەویشەوە چاکسازی سیاسییە.

کەواتە ئایا جیاکاری ئەرێنی پێشگریمانەو و بنەماي یاسایي( مفترضات و مبادئ قانونية) هەن کە ببنە هۆی ئەوەی لە چوارچێوەی هزري یاساییدا چەمکەکە رێکبخەن و سنوورەکانی دیاري بکەن و پێوەری بۆ دابنێن و کەمێنانە یاساییەکانی پر بکەنەوە؟.

وەڵامی ئەو پرسیارانەی سەرەوە کێشەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.

گریمانەی بابەتەکەش بریتییە لەوەی کە ئەو پێشگریمانە و بنەما هزرییە یاساییانە بوونیان هەیە.

میتۆدی توێژینەوەکەش بریتیە لە میتۆدی وەسفی شیکاریي بەکاربراو لەم جۆرە توێژینەوانەدا.

بۆ ئەوەش توێژینەوەکە بگاتە دەرەنجامی خۆي نەخشەکەی بەو شێوەیە دارێژراوە کە لە دەوو باسی سەرەکی پێکدێت:

باسي یەکەم تایبەتکراوە بە ناساندنی پێشگریمانە و بنەما هزرییە یاساییەکانی چەمکی (جیاکاري ئەرێنی) .

ئەمە لە کاتێکدا باسی دووەم بۆ ناساندنی بنەمای(جیاکاریی ئەرێنی) و جێبەجێکردنی پێشگریمانەو بنەماکان بەسەر یاساکارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستانداو (یاساي بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژي خێزانی) بە نمونە دانراوە.

لە کۆتاییشدا پاشمەندێك دانراوە کە ئەنجامە گیراوەکان و پێشنیازەکانی تێدا هێنراوە بێ ئەوەی جێگەی درێژەی توێژینەوەکە بگرێتەوە.

## باسی یەکەم
## ( پێشگریمانەو و بنەما هزرییە یاساییەکانی جیاکاری ئەرێنی)

جیاکاري ئەرێنی لە رووکەشدا پێچەوانە دێتەوە لە گەڵ عەدالەت و یەکسانیدا، بە تایبەت یەکسانی لەبەردەم یاسادا، لەبەرئەوەی تایبەتمەندی (ئەرێنی)دانە بە کەمینەکان. تایبەتمەندییەك ئەوان ماندوو نەبوون لە بە دەستهێنانیدا. هەر بۆیە ئەمە لە بنەرەتەوە پێچەوانە دێتەوە لە تەك یاسا و لە بنەرەتدا هەڵوەشاندنەوەی بنەمای یاسا سەرورەرییە. هەر بۆیە پێویستە ئەم بابەتە شی بکرێتەوەو و لە دوورترین شوێنی خۆیەوە دەست بە شیکردنەوەی بکرێت تا لە رووی هزری یاساییەوە رەوا بوونی پیشان بدرێت. ئەو شیکردنەوەیەش دەبێت لە پێشگریمانەکانییەوە دەست پێبکرێت تا دەگاتە ناساندنی جیاکاري ئەرێنی. ئەویش لە سێ داوادا: داواي یەکەم تایبەتکراوە بە پێشگریمانە هزرییە یاساییەکان و داواي دووەمیش بۆ ناساندنی بنەمای یاسایي و داواي سێیەمیش بۆ یاسا و ژنگەرایی کە بنەمای جیاکاریی لە گەشەسەندنی ئەو رووگەوە بڵاوبووەوە.

## داوای یەکەم
## پێشگریمانە هزرییە یاساییەکانی جیاکاري ئەرێنی

### یەکەم: پێشگریمانەی لێۆلینەوەی یاسایی:

لە لێکۆڵینەوەی یاساییدا جیاوازی نێوان گریمانە و پێشگریمانە کە هەردووکیان لە کۆمەڵێك گوزارەی لۆجیکی( القضایا المنطقیة) پێکدێن، لە رووی پلەی گوماندا دەردەکەوێت: بەو مانایەی گریمانەی بابەت هەمیشە گومانی تێدایە و لەوانەیە وا بێت یاخود وانەبێت. ئەوەش پێبەپێی چوونە پێشەوەی لێکۆڵینەکەیە بە بێ لایەنی دەردەکەوێت کە گریمانەکە وایە یاخود وا نییە. ئەمە لە کاتێکدا پێشگریمانە هەر لە سەرەتاوە بە سەلماو دادەنرێت و پێش چوونە پێشەوەی توێژەر لە لێکۆڵینەوەکەی وا دادەنێت پێشگریمانە بوونی هەیە، ئەگەرچي لە بابەتەکەیدا ئاماژەی پێنەکردبێت. هەروەك دەووترێت پێشگریانەکانی هەر بابەتێك بەدیرە سێبیەکانی ئەو بابەتە دادەنرێن(چالمز آلن ف، 1374). بێجگە لەدیار بوون و نادیاري جیاوازی نێوان گریمانە و پێشگریمانەی توێژینەوەی زانستی بریتییە لە ژمارەی هەردووکیان، چونکە گریمانەی هەر توێژینەوەیەك یەك گریمانەیە و ئەگەري ئەوە هەیە لە دەرەنجامدا لێکۆڵینەوەکە گریمانەکە یاخود پێچەوانەکەی بسەلمێنێت. ئەمە لە کاتێکدا ژمارەی پێشگریمانەکانی لێکۆڵینەوەکان زۆر و زەبەندەن: پێشگریمانە نزیکەکان و پێشگریمانە دوورەکان و پێشگریمانە پوختەکان و پێشگریمانە ناپوختەکان و پێشگریمانە پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدارەکان. ئەمەش تایبەت نیە تەنها بە بابەتە یاساییەکانەوە ، بەڵکو بۆ هەموو توێژینەوەیەکی زانستییە لە هەموو کایە زانستییەکاندا.( غلامحسين مقدم حيدرى،( 1387هـ.ش))

بۆ نمونه لەم بابەتەدا کۆمەڵێك پێشگریمانەی زۆر بوونیان هەیە کاتێك بڕیاري نووسینی دراوە، لەوانە کاتێك بڕیار دراوە ئەم بابەتە بە کوردی بنووسرێت ئەوا توێژەر ئەوەی بە پێشگریمانە وەرگرتووە کە کوردی زمانەو و نەتەوەیەك قسەی پێدەکات و زمانی نووسینی هەیە و دەکرێت بابەتي یاسایي پێبنووسرێت و خەڵکانێکی پسپۆري یاسایي هەن هەڵیبسەنگێنن و کۆنفرانسێك هەیە دەکرێت بە کوردی توێژینەوەي تێدا پێشکەش بکرێت و هەروەك ئەوەش بە پێشگریمانەش دانراوە کە کایەیەکی زانستی هەیە وەك یاسا کە شێوازی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆي هەیە و هتد.. خۆ ئەگەر دوورتر بڕۆین ئەوا باوەڕبوون بە کۆمەڵگەو مرۆڤ و زمان و لێکۆڵینەوە و ئەنتەرنێت و ناردن و هتد.. پێشگریمانەی ئەم بابەتەن. ( ) (Whacks, Raymond, (2006) ئەوەی گرنگە لەم ڕووەوە کۆمەڵێك خاڵە لەوانە:

أ-هیچ بابەتێك بێ پێشگریمانە بوونی نابێت و لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەکە لە سفرەوە دەست پێناکات و کاغەزی سپی نییە، هەروەك کارڵ پۆپەر فەیلەسوفي زانستی بەناوبانگ دەڵێت هیچ ڕوانینێك بەري نییە. (جان هاسپرس، 1386)

ب- ئەرکی توێژەر ئەوەیە کە دەبێت لە پێشگریمانەکانی ئاگادار بێت و بە بیانووي بێلایەنی ڕەدی پێشگریمانەکان نەکاتەوە.ج- بەڵام گرنگە توێژەر جەخت لەسەر پێشگریمانە نزیکەکان و پێشگریمانە کۆدەنگی لەسەرەکانی نێوان خۆي و خوێنەري بکاتەوە.(Hilary Putnam,2002)

د- مەبەست لە پێشگریمانە نزیکەکان(بۆ نمونە) لەم بابەتەدا بوونی جیاکارییە لە ناو یاسادا: چ جیاکاري ئەرێنی و چ جیاکاري نەرێنی بێت چ سەبارەت بە ژنان یاخود بە نابەکامەکان و چ سەبارەت بە کەمینەکان بێت. بۆیە هەوڵی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی وەك ئەم توێژینەوەیەی داوە،. ئیدی پێیست ناکات لێکۆڵەر خۆي لەقەرەی پێشگریمانە دوورەکاني وەك زمان و یاسا و زانست و هتد.. بدات .

ه- هەروەك دەبێت ئەو پێشگریمانانەش لەبەرچاوبگرێت کە لە نێوان ئەو و خوێنەریدا هاودەنگی هەیە و لەسەري کۆکن. بۆ نمونە لەم بابەتەدا توێژەر لەتەك هەڵسوورێنەرانی کۆنفرانس و هەڵسەنگێنەرانی بابەتەکەدا کە بابەتی جیاکاري ئەرێنی بابەتێکی یاساییە و شایستەی لێکۆڵینەوەیە و گەیشتنە ئەنجامیش لەو بابەتەدا جێکەوتی گرنگی لە هزري یاساییدا هەیە، بۆیە هەم ئەو (توێژەر) کاتی خۆي دەدات بە لێکۆڵینەوە لەو بابەتەدا و هەروەها ئەوانیش( هەڵسوورێنەرانی کۆنفرانس و هەڵسەنگێنەران) ڕێگە بە شداربوون و کات بە خەرجدان بۆ هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکە دەدەن. (خسروپناه، 1390)

و- پێویستە لە کاتی هەڵسەنگاندن و بەڵکو بە ئەزمونکردن و بە کردەکردنی هەر بابەتێکدا تەنها سەیري ڕوونی بانگەشەي ناو بابەتەکە و بەڵگەکانی و ئەنجام و داخوازەکاني نەکرێت( مەبەست لە داخوازیش ئەنجامە بە ئامانج نەگیراوەکانی هەر بابەتێکە، بۆ نمونە کاتێك دەوڵەتی چین یاسایەك دەردەکات کە هەرخێزانێك تەنها یەك منالّیان هەبیت ئەمە دەبێتە هۆي زیندە بە چاڵکردنی کچان چونکە خێزانە جوتیارەکانی ئەو وڵاتە هەوڵ دەدەن تەنها منالّەکەیان کوڕ بێت (بۆ کاروباری ناو کێڵگە)(سن، آمارتیا،2010)، بەڵکو پێشگریمانەکانی ئەو بابەتەش لە پێشچاو بگیرێن.

**دووەم: پێکشریمانەکانی ئەم بابەتە:**

سەبارەت بەم بابەتەش دەکرێت بووترێت پێشگریمانە نزیك و بە وێناي بەلادا سەنگ(التصور الراجح) و لەسەر کۆدەنگەکانی ئەمانەی خوارەوەن:

أ-جیاکردنەوەی یەکسانی فۆرمی( المساواة الصورية) و یەکسانی ڕاستەقینەی ناوەرۆکی یاسایي. لەوانەیە ئەم جیاکارییەش یەکێك لە دەستکەوتە گرنگە فەلسەفي و یاساییەکانی داهێنانی مرۆڤایەتی بێت لەسەردەمی نوێدا کە هەر لە هزري مارکسییەوە تا بگات بە لیبرالیزمی نوێ خۆي خشاندۆتە ناو زانستە مرۆییەکانەوە. لەوانەش یاسا. بۆ ئەمەش پێویستە بە سیناریۆیەك بابەتەکە ڕوون بکەینەوە: تۆ وا دابنێ لە وڵاتێکی گەندەڵ و دیکتاتۆردا زانکۆیەك لەو وڵاتە بڕیار دەدات کە یەکەمەکانی کۆلێژەکانی خۆي بنێرێتە دەرەوە بە مەبەستی خوێندنی زێتر. هەموو یەکەمەکانیش بە یەکسانی ئەو کارەیان بۆ ئەنجام دەدرێت. ئەمەش لە ڕووکەشدا یەکسانی و دادپەروەرییە.، بەڵام بە وردبوونەوە لە مەسەلەکە دەردەکەوێت ئەوە تەنها لە ڕووکەشدا یەکسانی بووە و لە ناوەرۆکدا نا یەکسانی خۆي حەشار داوە: چونکە لەو زانکۆیەدا ڕێگە نەدراوە بێجگە لەوانەی سەر بە دەسەلاتە گەندەڵەکەن ببنە یەکەم. ئەمەش سەبارەت بە هەموو دەسەلاتێکی دیکتاتۆر بەهەمان شێوەیە. هەر لەبەر ئەمەش بوو مارکس باوەڕي وا بوو دەبێت شۆڕشگێڕانە بچینەوە سەرەتا[1].(محمد پور،1389)

ئەم بابەتەش بوو کە ژنە فەیلەسوف و کۆمەڵناسي بەناوبانگ ( ماري گوز Marie gouze) باوەڕي وابوو کە پێشکەوتنی گشتی کۆمەڵگە بەس نییە ئەگەر هەولێ یەکسانکردنەوەی یەکسانی ڕووکەشي نێوان ژن و پیاو نەدرێت، چونکە ئەو یەکسانکردنە ڕووکەشە ماناي نابێت ئەگەر هەموو پێگەکان بە دەستی پیاوانەوە بێت، بە گوێرەی یاسا ئابوورییەکە کە دەڵێت دەوڵەمەند ئاسانتر دەوڵەمەند دەبێت تا هەژار کە دەوڵەمەند بێت(مثنى امين الكردستاني،2004)

ب-کاتێك باسی جیاکاري ئەرێنی دەکرێت ماناي وایە ئەمە بابەتێکی ڕیفۆرمخوازانەی یاسایي و چاککردنی سیستەمی یاساییە، نەوەك شۆڕش و گۆڕانکاري ڕیشەیي لە یاسادا. چونکە ئەگەر هەڵوەشاندنەوەی یاسایي ئامانج بوایە ئەوا پێویست بە جیاکاریي ئەرێنی نەبوو، بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە یەکسانی ڕەها لە نێوان ئەو گروپ و توێژانەی جیاکارییان بۆ دەکرا دروست دەکرا و یەکسان دەکرانەوە لە تەك ئەوانی تردا(محمد پور،1389) (. ئەمەش هەم لە ڕووي کردەییەوە مەحاڵ و هەمیش دەرەنجامی نەرێنی دیکە بە شوێن خۆیدا دەهێنێ و فەلسەفە و سیاسەتی یاسادانان تێکدەدات[2]

ج- جياكاري ئەرێنی تەنها لە رێسا ياساييەكاندا( القواعد القانونية) ناوەستێتەوە، بەڵكو بەرەو بنەما ياساييەكانيش( المبادئ القانونية) هەڵدەكشێت( وەك لە داواي دواتردا زياتر كار لەسەر ناساندن و جياوازى هەركام لە رێسان و بنەما ياساييەكان دەكەين) چونكە ئەم بابەتە زياد لە ياسايەك و جۆرێكى ياسادا بوونى هەيە، ئەمەش ماناي ئەوەيە ريشەيەكى قووڵی هەيە و دەبێت لەو بنەمايانەوە دەست پێبكات كە دايكن بۆ رێسا ياساييەكان دابەزن، چونكە بنەما ياساييەكان سەرچاوەن بۆ رێسا ياساييەكان و هەر بنەمايەكى ياسايي چەندين رێساي ياسايي لێ دەردەهێنرێت.

د- ئەگەر سەرچاوە ماديیەكانی ياسا لە دەرەوەی ياسا و لە واقيعدا بن و بريتی بن لەو سەرچاوانەی كە رێسا ياساييەكان ناوەرۆكی خۆيانيان لێوە وەردەگرن، بە پێچەوانەی سەرچاوە فەرمييەكانی ياسا( المصادر الرسمية) كە رێسا ياساييەكان شەرعييەتی خۆيان لێوە وەردەگرن. سەرچاوە ماديیەكان لە ناو واقيعە سياسي و ئابووری لەوانيش قوڵتر لە سەرچاوە فەرهەگی و كولتوورييەكانەوە بێن. (البشير، عبدالباقی البكری زهير (1989)) ئەوا سەرچاوەی بنەما و رێسا ياساييەكانی تايبەت بە جياكاري ئەرێنی لە زۆربەی ئەو كايەنەوە كاريگەرييان وەرگرتووە كە لە بێبەشبوونە سياسيیە ئلبووری و كۆمەڵايەتييەكانی كەمينەكانەوە سەرچاوەيان گرتووە كە لەوانەيە ريشەی قووڵي هەر كاميشيان سەرچاوە كولتوورييەكەی بێت، لە راستيشدا دەبێت سەرچاوە فەرمی و رێسا ياساييەكانی جياكاري بۆ چەسپاندنی ئەوە بێت لەناو ئەو سەرچاوانەدا وەك لە جياكاريی نەرێنيدا بوونی هەيە، ياخود بۆ چاككردن و راستكردنەوەيان بێت وەك لە جياكاري ئەرێنيدا بوونی هەيە(.

ه-بابەتی جياكاري ئەرێنی تەنها تايبەت نييە بە بابەتی ژنەوە، بەڵكو هەموو بێبەشكراوەكانی ديكەش( وەك منداڵان و كەمينە نەژادی و ئايينی و نەتەوييەكانيش دەگرێتەوە)كە بە هۆي بێبەشبوونی پێشترەوە بنەماي قەربووكردنەوەيان(affirmative action ) بەكاردەبرێت كە بە هۆی بابەتێكەوە بە دەست خۆيان نەبووە لە مافەكانيان بێبەشكراون( وەك رەگەز و تەمەن و ئايين و نەژاد).(مايكل ساندل، 1394)

و- جياكارييە نەرێنی و ئەرێنييەكان سروشتی و خواكرد نين و ئێمە لە كۆمەڵگە خولقاندوومانن و بابەتی فەرهەنگين، بە گووتەی(دوورەتی سميس(Dorothy Smith)(ناوەوەی ئێمەن دەياندەينە دەرەوە، هەر بۆيەش دەمانەوێت بە ياسا گۆرانكاريان تێدا ئەنجام بدەين و جيكارييە نەرێييەكان نەهێڵين و بە جياكارييە ئەرێنييەكان قەرەبووي بێبەشبوونە پێشترەكان دەكرێتەوە.)(محمد پور،1389، ل468)

## داواي دووەم
## بنەما ياساييەكان

ئەوەی گومانی تێدا نييە كە جياكاري چ ئەرێنی و چ نەرێنی بابەتێكی ياساييە. بەڵام جياوازييەكە لەوەدا بوونی هەيە كە ئايا بنەماي ياساييە ياخود تەنها كۆمەڵێك رێسای ياساييە؟ بۆ ئەمەش دەبێت بنەماي ياسايي بناسێنين و جيازازی لەگەڵ رێسای ياسايیدا پێشان بدەين.

يەكەم : ناساندنی بنەمای ياساييەكان: دەربارەی پێناسەی بنەماي ياسايي و جياوازی لەتەك رێسا ياساييەكاندا جياوازی لە نێوان زانايانی ياسادا هەيە. بۆيە پێويستی بە شيكاري زێتر هەيە:

بنەما لەرووی زامانەوانييەوە لە هەموو زمانەكانی دونيادا( لەوانەش زمانی كوردی) بە چەندين ماناي جياواز هاتووە كە يەكێك لەوان بە ماناي بناغەو رێشەی شتێكە لە بەرامبەر قەد و پارچە و لقەكانی بەكار دەبرێت. ئەم مانا زمانەوانييەش نزيكە لەو مانايەی كە لە رووە ياساييەكەوە بەكار دەهێنرێت، دەشێت بنەما ياساييەكان وەك بناغەو ريشەی رێسا ياساييەكان دابنرێن. لێرەوە بنەماكان بنەرەتن و رێسا ياساييەكانيش لقن كە لەسەر ئەو بنەرەتە دادەنرێن(كاتوزيان، 1377). لە رووی زاراوەشەوە، وتراوە بريتييە لەو بيرۆكانەی كە لە وێناي گشتی بوون و ژيانەوە سەرچاوە دەگرن، كە دەبنە سەرچاوە بۆ دەرهێنانی چەندين رێساي ياسايي كە ئاكاري تاكەكان لەناو كۆمەڵگەدا رێكدەخەن.(جعفری لنگرودی،1388) بەڵام لە راستيدا پێش يەكلاييكردنەوەی تەواوی پێناسەی بنەمای ياسا دوو خاڵي گرنگ هەيە دەبێت لە پێش چاو بگيرێن ئەوانيش:

1-ياساناسان لە پێناسەكردنی چەمكە ياساييەكاندا بە شێوەيەكی ئاسايي لە ژێر كاريگەري جيهانبينی و رووگەی فەلسەفي و ئايينی وئاكاري و بۆچوونە ژيارييەكانياندان[3]. هەر لێرەوە بنەرەتی جياواز بۆ پێناسەكردنی چەمێكێكی وەك بنەماي ياسايي دادەنێن. هەر بۆيەش لەم رووەوە پێناسەی بنەما لايان جياواز دەبێت.

2-ناسينی بنەما ياساييەكان بەستراوە بەو رووگە راڤەييەی ياساناسەكە بۆ ياسا دەيگرێتەبەر. بۆ نمونە ئايا ئەو قوتابخانە ياساييەی ئەو باوەري پێيەتی قوتابخانەی (راڤەی دەقی ياساييە) ياخود قوتابخانەی (لێكۆڵينەوەی زانستی راڤە) بەكار دەبات. چونكە لە قوتابخانەی راڤەی دەقدا راڤەكار خۆي بە رووكەشي جدەقەكانەوە دەبەستێتەوە و دەيەوێت دەقي دەرەكی ياساكان بكاتە بنەرەت بۆئەوەی رێسا و بنەماي ياسايان لێدەربهێنێت. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە ئەگەر دەرهێنان پشت بە يەكێك لە دەقەكان نەبەستێت هيچ بەهايەكی نييە. بە گوێرەی بۆچوونی ئەم قوتابخانەيە ياسا لۆجيكی تەواو و كامڵي هەيە و هەر بە هێزی لۆجيكيش دەتوانرێت هەموو بابەتە پێويستەكانی ياسا لە خودی ياساوە دەربهێنرێت و پێويست بە هێنانی بابەتی دەرەوەی ياسا بۆ ناو ياسا ناكات بۆ روونكردنەوەی بابەتە ياساييەكان، بەگوێرەی ئەم قوتابخانەيە رێسا ياساييە دانراوەكان تاكە سەرچاوەی ياسا و مافەكانە ئەگەر رووگەيەكی وەك ئەمە تاكە سەرچاوەی ياسا بێت ئەوا دەبێت بنەما ياساييەكان لە هەناوي رێسا ياساييەكانەوە دەربێنرێن. ئەمە لە كاتێكدا لە

قوتابخانەی راڤەی زانستیدا راڤەکار ئازادە ئازادە بە گوێرەی پێویستی و داخوازییەکانی کۆمەڵگە رووی دیاري رێسا یاساییەکان تێدەپەڕێنێت و یاساناس چاوي لەسەر سەرچاوە واقیعییەکەی یاسایە. هەر لەبەرئەوە بۆشاییە یاساییەکان هەر بەو جۆرەی عەدالەت لەو دەخوازێت پڕ دەکاتەوە کەلکەڵەی نیەت و مەبەستی یاسادانەري نییە، هەر لێرەوەو بە گوێرەی ئەم قوتابخانەیە لە ناسین و دەرخستنی بنەما یاساییەکاندا پابەندی دەق و نیازی یاسادانەر نابین. دەبێت دەست بۆ گەنجینەی دەوڵەمەندی واقیع و کۆمەڵگە ببەین تا رادەی ئەوەی رێخۆشکەر بین بۆ یاسادانەریش لە دانانی بنەمای تازە بۆ یاسا تا رێساي یاسایي لەسەر دەربهێنێت.(حیاتی،1393)

پاش ئەو پێشەکییە کورتەی باسکرا، پێویستە بۆ ناساندنی بنەما یاسایي لابەلاي فیقهی فەرەنسیدا بکەینەوە، ئەو کارەی ئەوە بە ئێمە پیشان دەدات کە بەکار بردنی ئەو چەمکە لە سەرەتادا پڕ لە ناروونی نا ئاشکرایي بووە، یاساناسان بە شیکار و راڤەکانی خۆیان رۆڵی گەورەیان هەبووە لە روونکردنەوەی چەمکەکەدا. (دوما) لە کتێبي( یاساکان)ی خۆیدا دەربارەی( بنەما بنەرەتی و گشتییەکانی یاسا) دەدوێت کە لەو وتەیەیدا وا دیارە بنەما یاساییەکانی لەبەرچاو بووە، هەروەها پۆلانیۆل لە کتێبي (خولی بنەرەتیانەی یاسا مەدەنییەکاندا) باسی بنەماکانی مافي سروشتی دەکات و کاپیتان لە ساڵي 1934 وتەی بنەما گشتییەکانی یاسای دەربري لەم بۆچوونانەدا وادەردەکەوێت کە بەرەبەرە ئەوە چووەتە ئەندێشەی زانایانەوە کە لە سەرووی رێسا یاساییەکانەوە هەندێك بنەما بوونیان هەیە کە رۆڵێکی سەرتر و گرنگتریان هەیە و پێویستە لە پێناو ناساندنیان کاري شێلگیرانە ئەنجام بدرێت.( پۆلانژییە، جان 1373)

لەناو رووگەی دادگایي فەرەنسیشدا چەمکانێکی وەك (بنەماکان) و ( بنەما گشتییە یاستییەکان) و ( بنەماي رێنوونیکار ) و بنەماي ( بناغەیي)بەکار بران لە چەند مادەیەکی رێساي مەدەنی فەرەنسیدا چەمکی بنەماي یاسایي بەکار برا، بۆ نمونە لە مادەی 1196 خودی ئەم چەمکە بەکار هاتووە، هەروەها لە مادەی 1584دا بنەماي گشتی گرێبەستەکان بەکارهاتووە، ئیدهی باوبوونی بەکاربردنی ئەم چەمکە لە یاساي فەرەنسیدا بووەتە هۆي ئەوەی ماناي جیاوازی ب بەکار ببرێت بۆ نمونە بە ماناي ( رینوێنی یاسایي و ( بنەماي نایاسایي) کە دەتوانرێت رێسای یاسایي لێدەربهێنرێت و یاخود رێسایەکی گشتی یاسایي کە لە لایەن دەسەلاتێکی بانەوە دەسەپێنرێت و دەکرێت چەندین رێسای پارەیي لێدەربهێنرێت.کاهن و لوی و رادن وەك سێ یاساناسي ناسراو وتوویانە ( بنەماي یاسایي کۆمەڵێك بنەمان کە رێنمونیکاري یاسادانەر لە یاسادانان و دادوەر لە دادوەري و راڤەکار لە تەفسیرکردنی یاسادا پشتیان پێدەبەستێت) ئەم پێناسەیە ئەگەرچي باسي گشتگیربوونی بنەمای یاسایي دەکات، بەلام لە چەمکە هاوشێوەکانی وەك رێساي یاسایي جوداي ناکاتەوە. دوگیش بنەمای یاسا بە رێنمونیکاري یاسایي دادەنێت و بەلاي ئەوەوە نەما یاساییەکان رێمونی و بنەماي بنەرەتت کە راستەوخۆ لە ژیانی کۆمەڵگەوە وەرگیراون کە لە هەستی دادگەري و پشتیوانی کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوەیان گرتووە هەرچەند بەلاي ئەوەوە بیري دادوەري رێژەییەو و بەگوێرەی کۆمەڵگەکان دەگۆرێت، لە کاتێکدا وا دادەنرێت کە عەدالەت بیرێی رەها بێت و ئەگەر واش بێت ئەوا ئەو رێسایانەش لەو بیرە دەردەهێنرێت دەبێت رەها بن ،ئەمەلە کاتێکدایە بۆچوونەکەی دوگی یەکتایي لە نێوان نەریت و بنەماي یاسایدا دروست دەکات .(Dwokin Ronald1990)

(جان پولانژییە) واي بۆ دەچێت کە بنەماي یاسایي (کۆمەڵێك ئایدیاي بنەرەتین کە یاسا لەسەر بنەماي ئەوان دادەنرێت) ئەو بنەما یاساییەکان سیستەمبەخشی رێسا یاساییەکان دادەنێت( پۆلانژییە، جان 1373). بە گوێرەی ئەم بۆچوونە بێت بنەماکان خەسلەتی سەر یاسایان هەیە ئەگەرچي لە دەقە یاساییەکانیشدا دیار نەبن، بەمەش تایبەتمەندییەگی دیکەی بنەماکان کە ئەویش سەنتەری بوونیانە دەردەکەوێت، ئەگەرچي بە تەواوەتی ناسێنەریان نییە.(آرش نراقی،2015) یەکێکی دیکە لەو فەقیهانەی پێناسەی بنەمای یاسایي کردووە (هەرمان بەکری) نەمساویە کە دەڵێت( بنەما گشتییە یاساییەکان رێساي گشتی یاسایي نەنووسراون کە لە کۆمەڵگەیەکدا وەك بەشێك لە وێژدانی گشتی کۆمەڵگە قەبوڵکراون و یاسادانەر ناچارە لە کاتی یاساداندا لە بەرچاویان بگرێت. ئەم پێناسەیەش جەخت لەسەر لەبەرچاوگرتنی یاسادانەرە بۆیان ئەگەرچي دەقي یاسایي دەربارەیان نییە. (Dwokin Ronald1990) بەڵام ئەم پێناسەیەش رەخنەی لێگیراوە، چونکە زۆرێك لە بنەما یاساییەکان چوونەتە ناو دەقە یاساییەکانەوە جا بە شێوەیەکی راستەوخۆ بێت وەك لەسەرەوە باسمان کردن(حیاتی، 1393) یاخود بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ و لە رێگەی ئەو دەقە یاساییانەوە بێت کە پێیان دەووترێت دەسەبەرە دەستوورییەکان( الكتل الدستوورية) کە ئەو گرێبەست و پەیماننامە نێو دەوڵەتیانە دەگرێتەوە کە دەوڵەت تێیاندا بەشدار بووە و وەك بەشێك لە یاساي ناوخۆ حسێبیان بۆ دەکرێت(الدکتور ابراهیم محمد صالح الشرفاني، 2016) هەر بۆ نمونە جیاکاري ئەرێنی لە پەیماننامەی قەدەغەکردنی توند و تیژی دژی ژنان ئاماژەی پێکراوەو و عێراق بووەتە ئەندام لەو پەیماننامەیەدا. بیجگە لەوەی پێناسەی پێشوو بنەماي بە وێژدانی کۆمەڵگەوە گرێداوە لە کاێکدا نەریتیش بە هەمان شێوەیە . بێ ئەوەش بنەما یاساییەکان خەسڵەتی گشتگیرییان هەیە و تایبەت بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو نین. (مایکل ساندل، 1394)

کۆمەڵێ پێناسەی دیکە کە بۆ بنەماي گشتی هاتوون کە جەختیان لەسەر هەرجوو خەسڵەتی گشتگیر بوون و هەمیشەیي بوون کردۆتەوە کە تەنها ئەم دوو خەسڵەتەش نابنە هۆي ئەوەی کە بنەماي یاسایي لە حوکمە گشتی و هەمیشەییەکانی دیکە جودا بکرێنەوە(حیاتی،1393) چونکە لە زانستی لۆجیکدا بۆ پێناسەی هەر شتێك دەبێت جیاکەرەوەکانی ئەو ئەو شتە لە هاوجۆرەکانی بهێنرێت.

ئەگەر بنەماي یاسایي کۆمەڵێك خەسڵەتی هاوبەشي بۆ نمونە لەگەڵ رێساي یاساییدا هەبێت، کە لە گەڵێ خەسڵەتدا هاوبەشن وەك گشتگیربوون(عام) و پوختەبوون(مجرد) و هەروەك ئەوانیش پەیوەندیان بە رەفتاري کۆمەڵایەتییەوە هەیە تەنانەت تۆبزی(الزامي) بوونیشیان کە دەبێت یاسادانەر لە کاتی

یاساداناندا لەبەرچاویان بگرێت.(حیاتی،1393) کەواتە ئەو خەسڵەتە گرنگە کە ئەم بنەمایانە لە ڕێساکان و بڕیارە هاوشێوەکان جودا دەکاتەوە، نەوەك ئەوەی لەگەڵیان هاوبەشی دروست دەکات( هاك سوزان(1382هـ ش).

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە یەکێ لەسەرەکیترین تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی بنەما یاساییەکان ئەوەیە کە ئەوان بنەرەتن بۆ ڕێسا یاساییەکان نەك بە پێچەوانەوە(کاتوزیان، 1377)، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها بەم جیاکەرەوەیە لە یەکتر جودا نابنەوە، بەڵکو تەنانەت لە وردەکاري خەسڵەتە هاوبەشەکانیشدا لە یەکدی جودا دەبنەوە. بۆیە باشترە جیاوازییەکانی ڕێسا یاسایي و بنەما یاساییەکان باس بکەین تا پێگەی جیاکاریي ئەرێنی وەك بنەماي یاسایي بە تەواوەتی دەربکەوێت .

دووەم: جیاوازی ڕێسای یاسایي و بنەمای یاسایي:

لە پێناسەی ڕێسا یاسایەکاندا وتراوە( کۆمەڵێك ڕێسای گشتی و پوختەن کە ڕەفتاري کۆمەڵایەتی تاکەکان ڕێکدەخەن و هێزی تۆبزییان هەیە و سزا بۆ ئەو کەسە هەیە کە پێچەوانەیان بجوڵێتەوە کە لە لایەن دەسەڵاتی گشتییەوە دەچەسپێنرێت) (سعید عبدالکریم المبارك، 1982) لەهو خەسڵەتانەی بۆ ڕێسای یاسایي لە پێناسەکەدا هاتوون بنەمای یاسایي لە زۆربەیاندا لەگەڵیدا هاوبەشە، ئەگەرچی لە زۆربەی ئەو بنەما هاوبەشانەشدا جیاوازی ورد دەدۆزرێتەوە(حیاتی،1393) بۆیە پێویستە جیاوازییەکان باس بکەین:

1- بنەما یاساییەکان گشتین: بێگومان ئەمە بۆ ڕێسا یاساییەکانیش بە هەمان شێوەیە ، بەو جیاوازییەی کە گشتگیربوونی ڕێسا گشتییەکان هەموو ئەو کەسانە دەکەنە قسەبۆکراوي(مخاطب) خۆیان کە مەرجەکانیان تێدا بن. ئەمە لە کاتێکدا بنەما گشتییەکان بەو شێوەیە گشتگیرن کە هەموو سیستەمە یاساییەکان ناچارن بە گوێیان بکەن بۆ نمونە بنەماي نیاز پاکی (حسن النیة) و ( هیچ تاوانبارێك بۆ یەك تاوان دووجار سزانادرێت ) و ( دادوەلر نابێت خۆي لایەن بێت لەو کەیسەدا حوکمی دەکات) و هتد.. لە هەموو سیستەمە یاساییەکاندا بوونی هەیە.(کاتوزیان،1377)

2- بنەما یاساییەکان هەمیشەیین: ڕێسا یاساییەکان تا ئەو کاتە کاریان پێدەکرێت کە لە کار نەخرێن و هەڵنەوەشێنەوە ئەمە لە کاتێکدا بنەما گشتییە یاساییەکان بۆ هەمیشەن و لە هەموو کات و شوێنێکدا کاریان پێ دەکرێت وەك بنەماي عەدالەت و گێڕانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی و یەکسانی لەبەردەم یاسادا ئیتر پابەند نین بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە.(حیاتی، 1393)

3- بنەما یاساییەکان هێزی تۆبزییان هەیە: بێگومان لەسەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی ڕێسای یاساییش هێزی تۆبزی و بە زۆرسەپاندنیانە لە لایەن دەسەڵاتی گشتییەوە، هەروەها بنەما یاساییەکان هێزی تۆبزییان بەسەر یاسادانەر و قەزاشەوە هەیە(کاتێك دەقي یاسایي نەبێت) ، ئەو ڕێسا یاساییە دانراوەی پێچەوانەی بنەما یاساییەکان بێتەوە لە لایەن سیستەمی یاساوە قەبوڵنەکراوە و دەبێت هەڵوەشێتەوە، کەواتە ۆبزی بنەماي یاسایي بۆ یاسادانەرو ودادوەرە. نەوەك بۆ کەسە ئاساییەکان. (سعید عبدالکریم المبارك، 1982)

4- بنەما یاساییەکان لە پێگەی سەلماودان نەوەك سەلماندن ، مەبەست لەوەش ئەوەیە کە خۆیان لە واقیعدا بوونیان هەیە و پێویست بە ئامرازی سەلماندن و بەڵگە و ڕێگەکانی سەلاللندن ناکەن تا بوونیان بسەلمێت، ئەمە لە کاتێکدا مافە تەنها بە یاسا دانپێدانراوەکان تەنها بە هۆي بەڵگەوە بوونیان دەسەلمێت.(کتوزیان،137)

5- بنەما یاساییەکان بنەڕەتی مافە دانراوەکانن ، واتە ئەو مافانەی یاسا دانیان پێدادەنێت شەرعییەتی بوونیان لە بنەما یاساییەکانەوە وەردەگرن، چونکە یاسا و مافە دانراوەکان (بۆ نمونە لە دەستووردا) یاسا دان بە بوونیاندا دەنێت بێ ئەو دانپێانانە بوونیان نابێت و یاسادانەریش لەو بوونەدا پشت بە بنەما یاساییە جێگیرەکان دەهستێت. ئەمە لە کاتێکدا بەما یاساییەکان چونکە لە یاسایەکدا نەنووسراونەتەوە وبنەمایەکی عەقلي جێگیریان هەیە بۆیە دەبێت لە لایەن حەکیم و زانا و فەقیهەکانەوە کەشف بکرێن(صادقی، 1394)

تەنانەت ئەگەر مافە بە یاسا جێگیرەکان گشتگیریش بن لەم ڕووەوە لە تەك بنەما یاساییەکان دوو جیاوازی سەرەکیان هەیە :

أ__ یاسانەر دەتوانێت ئاراوتەیان(الاستثناء)یان تێدا بکات و تایبەتیان بکات بە کەسانێکی دیاریکراوەوە ، ئەمە لە کاتێکدا بنەما یاساییەکان بواري ئاراوتەکردنیان تیدا نییە، ئەگەر بوونیان هەبوو ئەوا بۆ هەموان بوونیان هەیە ئەگینا بوونیان نییە.

ب-ڕێسا یاساییەکان هەم ڕێسا یاساییە فۆرمی و هەمیش ڕێسا یاساییە ناوەڕۆکییەکان دەگرنەوە، لە ڕێسا فۆرمییەکاندا چۆنییەتی داوەري و بڕیاردان دەچەسپێت، ئەمانەش بۆ چەسپاندن و پارێزگاري لە مافە کەسییەکان دانراون، بەڵام لەبەر ئەوەی بە کات وسەردەمو کۆمەڵگەکتن کەس و مافەکانیش دەگۆڕێن دەهبێت ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا بێت.

بەڵام بنەما یاساییەکان ئەگەرچي پەیەندیان بەلاسەنی فۆرمیشەوە بێت هەر جێگیرن و قابیلي گۆڕانکاري نین، ئەوەی کە قازی دەبێت عادیلانە حوکم بکات بۆ هەموو کات و شوێنێکە ، هەروەك پێویست بە نووسینەوەی بنەما یاساییەکان ناکات ، خوا لاي هەندێ لە زانیان لە ویژدانی مرۆڤەکان ولاي هەندێکی دیکە لە کتێبە پیرۆزەکان ولاي هەندێکی دیکەش لە عەقڵ و فیترەتی مرۆڤدا دایناوون. (جعفری تبار، 1383)

ئیدی دواي ئەو لێکوڵینەوەیەی لەسەر دەربارەی بنەما یاساییەکان کردمان ئیدی دەتوانین وا پێناسەی بنەما یاساییەکان بکەین کە (کۆمەڵێ پرەنسینی گتی و و تۆبزین کە دەبنە بنەمای ڕێسا یاساییە بەکاربراوەکان، ژیري مرۆڤ دان بە بوونیاندا دەنێت و ڕێمونیکاري یاسادانەرن لە یاسادانان و دادوەر لە

كاتي داوەريدا) هەر بەو پێناسەيەش پشت دەبەستين لەم لێكۆڵينەوەيەدا و پشتي پێدەبەستين لەوەدا كە جياكاري ئەريني خۆي بۆ خۆي بنەمايەكي ياساييە، ياخود لە بنەماي ياسايي عەدالەتەوە سەرچاوەی گرتووە.

## داوای سێيیەم
## ياسا و رووگەی ژنگەرايي(فيمينيستی)

پيشاندانی پەيوەندی نێوان ياسا و رووگەی ژنگەرايي (فيمينيزم) كە بنەڕەتی جياكاري ئەريني بە جۆرێك لە جۆرەكانی پەيوەندی بەوەوە هەيە، بابەتێكی ئاسان نيیە، چونكە هەم پێناسەی ئەو رووگەيە و هەم قۆناغەكانی دەركەوتنی لە رووی مێژوويیەوە و هەم زۆري قوتابخانە و تيۆر و فرەچەشنی شەپۆل و گروپەكانی و روانيان بۆ ياسا زۆر وجياوازە. ئەگەرچي ئەمرۆ لە فەلسەفەی ياسادا رووگەيەك بەناوی رووگەی فيمينيستی بۆ ياسا بوونی هەيە( ريموند ويكس(1388 ه ش) . روانينی فسمينيستيانەش تايبەت نيیە بە ياساوە بە تەنها، بەڵكو هەنوكە رووگەی ژنانە بۆ زۆر زانست و كايەی ديكەی مەعريفی بوونی هەيە: هەر لە فەلسەفەوە بيگرە تا ئەخلاق و زانستە مرۆيي و كۆمەڵايەتييەكان و ئايينناسي و ئەپستمۆلۆجيا(تيۆرياي مەعريفە) و ئاگايي ناسي و دەمار ناسي و بايۆلۆجيا و مێژوو و فينۆمينۆلۆجيا و تەنانەت لۆجيك. ژنان تەنها دروشم ناڵێنەوە بەڵكو ژن گەلێكی زۆر لە كايە زانستی و مەعريفيیە زۆرەكاندا خەريكی كاركردن و بەرادەيەك ئەو بابەتە هێندە فراوانە كە پێداگيشتنی نەوەك هەر لە تواناي توێژينەوەيەكي وەك ئەوەی ئێمەدا نيیە، بەڵكو بە هيچ كتێب و ئەنسكلۆپيياو لە تواناي هيچ دەزگايەكي توێژينەوەشدا نيیە هەموو رەهەندەكانی روون بكاتەوە . لەهەمان كاتدا لەم جۆرە بابەتانەشدا پێويستی كردەيي ئەوە دەخوازێت كە نەتوانی خۆت لە قەرەی نەدەيت( وەك ويليەم جيمس دەڵێت)، ئەمە ئەگەر لە هەوڵی بێهوودەی پێناسەكردنی بە دوور بگريت، چونكە لەم بوارەدا پێناسەی گشتی هێندە فراوان دەبێت كە زيادەيەكي زانستی نابێت. (ملكيان،1385،ل324) بۆيە باشترين كاري ميتۆدی بريتييە لەوەی لە پێشان پۆلبەندی(Justification) بكەيت و ئەوجا لە تەك هەر كام لە پۆلەكاندا بە جيا مامەڵە بكەيت( وەك ديكارتی فەيلەسوف دەڵێت پۆلبەندی بكە تا سەركەوتوو بيت).(دباغ،1387)بۆيە لەم بابەتەدا لە دوو روانگەوە دابەشكاری بۆ رووگەي ژنگەرايي و پەيوەندي بە ياساوە دەكەين، ئەوانيش لە روانگەی مێژوويي و جرەكانييەوە.

يەكەم: ژنگەرايي لە رووی مێژووييەوە: ئەگەرچي هەندێ لە فيمينيستەكان بابەتی ژنگەرايي بۆ بەريي مێژوو دەگێرنەوە بەو بيانووەی كە هەر لە سەرەتای مێژووەوە ژنان لە لايەن پياوانەوە ستەميان لێكراوە، بەڵام زۆربەی لێكۆڵەران مێژووی ئەم بابەتە بۆ سێ قۆناغي جياواز دەگێرنەوە(محمد پور،1389،ل467).

1-قۆناغي يەكەم: ئەم قۆناغە لەسەردەمی سەرهەڵای رۆشنگەرييەوە دەست پێدەكات و تا شەستەكانی سەدەی رابردوو بەردەوام بوو. بە تايبەت دواي شۆرشي فەرەنسي- و ئەو كاتەی ژنان داوای يەكسانيان لە دەستكەوتەكانی سەردەمی نوێ دەكرد ، واتە داواي يەكەمی ئەم قۆناغە يەكسانبوونەوە لە هەموو رەهەندەكاندا و بيري سەرەكي داخوازيكارانی رزگاركردنی ژنان لەم قۆناغەدا بريتی بوو لەوەی پێشكەوتن و هەڵكشانی گشتی مرۆڤايەتی ماناي وانيیە كە هەموو توێژەكان و رەگەزەكان وەك يەك لە دەستكەوتەكانی ئەو گەشەسەندنە بەرن. بۆ نمونە ژنان وەك پياوان لە رۆژانە لە كۆمپانياكان كاريان دەكرد بەڵام نەكرێكانيان وەك ئەوان بوو و نە وەك ئەوانيش مافي بەشداري سياسي و هەڵبژاردنيان هەبوو، بۆيە داواي ئەوان ئەو يەكسانييە بوو و داواي پركردنەوەی بۆشاييە ياسايي و سياسي و ئابوورييەكانيان دەكرد نە دژايەتی پياوان و و جياوازی بنەرەتی ژن لە پياو و گۆرانكاري ريشەيي خێزان و كۆمەڵگە وەك لە قۆناغي دواتردا دەركەوت.(Bartltt Kathrine, 1995)

بۆ نمونە داواي ئەوان گۆرانكاري ريشەيي سيستەمی ياسايي كۆمەڵگە نەبوو، بەڵكو داواي ئەوەيان دەكرد كە مافە دەستووري و مەدەنييە هەبووەكانی پياوانيش بەوان رەوا ببينريت و ياسا مافەكانيان بەوان ببەخشێت، مافە بەردەستەكان نەوەك قەرەبووكردنەوەی لە دەستچووەكانی رابردوو. ئەمەش خۆي لە دروشمی (ئەگەر ژنان حەقدە كاتژمێركاركردنی لە تەك سروشتی ژنانەيدا دژ نايەتەوە ئەوا بەشدتاريكردن لە ساسەتدا لە تەك سروشتی ئەودا دژ نايەتەوە) هەروەها (ژنان ئەگەر بە يەكسانی دەچنە سەر كورسی لە سێدارەدان مافي ئەوەشيان هەبێت كە بچنە سەر دوانگەی وتاردان) داواكارييەكانی ژنان لە شێوەی بەڵگەنامەيەكدا بە ناوي ( راگەياندنی مافي ژنان و هاوڵاتی بوونن) خرانە روو ، رێبەری ژنان ( ماري گوزMarie gouze) خاوەنی راگەياندنەكە بەڵگەی بۆ بابەتەكە هێنايەوە بەوەی كە هەردوو مافي يەكسانی و هاوڵاتی بوون تەنها لە پياواندا كورت نابنەوە. چۆن لە نيشتمانێكدا كە نيوەی دانيشتوانی جياكاري و ستەميان بەرامبەر دەكرێت يەكسانی دێتەدی؟(مثنى امين الكردستاني،2004)

بەڵام كاردانەوەی شۆرشگێران و حكومەت و (كۆمەڵەی دامەزرێنەر) زۆر توند بوو بەرامبەر داواي ژنان و (ماري گوزي)يان لە سێدارەدا ، ناوەرۆكي دروشمی ئەگە ژنان مافي يەكسانی چوونە سەر داري سێدارەيان هەبێت ئەوا مافي ضوونە سەر دوانگەشيان هەيە ئەو بو ، ئەم مافانەی ژنان لە بەريتانيا و ئەمريكاش بەردوام بوو ئەگەرچي كاردانەوەی حكومەتەكانی ئەو ولاتانەو و ولاتانی ديكەش بە ئەندازەی توندی شۆرشگێرە فەرەنسييەكان نەبوو بەڵام تا تێپەربوونی نيوەی يەكەمی سەدەی بيست مافەكان نەهاتنە جێ و تا دەركەوتنی قۆناغي دووەم بەرەبەرە هاتنە دی كە بەتەواوەتی لە

هەموو جیهاندا تا هەنوکەش هەموو سیسەتەمە یاسایي و سیاسییەکان وەلامي تەواویان بۆي نەبوو ( بۆ نمونە هەتا ئێستاش جیاوازی لە نیوان کرێي کاري ژنان و پیاوان لە یاساي کاري زۆرێك لە وڵاتاندا قەدەغە نەكراوە. (مثنى امين الكردستاني،2004)

2-قۆناغي دووەمی ژنگەرایي بە ئاسانی لە قۆناغي یەکەم جودا نابێتەوە، بەڵام دەتوانرێت بووترێت ئەم قۆناغە لە قۆناغي بێسەرو بەري و دداواکاریي رادیکاڵەکانی سەدەی رابردوو بە تایبەتی خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران لە فەرەنسا و داواي گۆرانکاري ریشەی لە سیستەمی خوێندن و سیستەمەکانی دیکە قۆناغي دووەمی ژنگەرایي دەستی پێکرد کە لە راستیدا دەرکەوتنی شەپۆلي دووەمی داواکارییەکانی ژنان بوو، کە لە داواي گۆرانکاری ریشەیي و رادیکاڵدا خۆي دەبینییەوە و داواي ژنگەراکان لەم قۆناغەدا تەنها داوای یەکسانکردنەوەی ژنان لە تەك پیاواندا نەبوو، بەڵکو روانینیان ئەوە بوو لە بنەرەتدا ژنان لە پیاوان جیاوازن و سیستەم و دەزگا هەبووەکانیش سیستەم و دەزگاي پیاوانەن و لەوانەش سیستەمی یاسایي و سیاسي و زانستییەکانیش دەبێت ئەو سسیستەمانە تەنها رەنگ و بۆي پیاوانە دەدەنەوە و چونکە پیاوان هێزیان بە دەستە.( ریموند ویکس(1388 ه ش) ئیتر نەك هەر مافی ژنان بەڵکو جیهانبینی ژنان لە وێدا كراوە بە ژێرەوە ، هەر لەبەر ئەوەش ئێمەی مرۆڤ جیهانی دەرەوە بە گەوێرەی روانینی خۆمان دروست دەکەین. هەر لێرەوە هەموو زانستەکانی وەك کۆمەڵناسی و دەروونناسی و ئەخلاق و یاسا و هتد.. بەگوێرەی روانینی پیاوانە بنیاتنراون و هەموو یەك دیو و یەکلایەنەن کە دەبوو دوو دیو و دوولانەش بوونایە بۆ نمونە کۆمەڵناسی و کۆمە[ناسي ژنانەو و تنانەت زمانییش لە رهنگ و دەنگی تاك لانەی پیاوانە پاك بکرێتەوە . هەر بۆ نمونە سەپاندنی دەسەلاتی پیاو بەسەر ژندا لە یاسادا. ژنگەراکانی ئەم قۆناغە ئەوە تەنها بە وەهمێکی لیبرالیانە دەزانن کە یاسا دەتوانێت بێ لایەن بێت و دەیانەوێت واقیعییەتی راستەقینەی نەبینراو کەشف بکەن، ژنان پێویستیان بە گۆرانکاری سیستەمی پیاوسالارنە هەیە کە ژنانی ملکەچ کردوە، بە لەبەرچاوگرتنی نێرانە بوونی یاسا دەرەنجامی پیاوانەی دەبێت و بە گوتەی مەك کینون ( مافە ئەپستراکتەکان ئەزمونێکی پیاوانەی لە جیهاندا پێویستە) و کارۆڵ سمارت((Carol Smart باوەري وایە کە یاسا نلتوانێت یەکسانی راستەقینە دابین بکات و ئان سکەیلز) (Ann Scales) بە راشکاوي گۆرانکاري لەرێگەی یاساوە رەد دەكاتەوە.(Olsen,1990,P,199 )

ژنگەراکانی ئەو قۆناغە باوەریان وایە کە ژنان و پیاون بە شێوەیکی بنەرەتی لە بنەوەراا لە یەکدي جیاازن لەو قۆناغەوە چەمکە جنۆ سەنتەري(Gynocentric) هاتە ناو ناو زانستە مرۆییەکانەوە لە وانەش زانستە یاساییەکان دوروتی سمیس کە لە تیۆرسێنەکانی ئەم قۆناغە دەژمێردرێت لە هەوڵي ئەوەدایە کە تیۆریایەکی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای تێگەیشتنی ژنانە لە ئەزمون و خولیاو و بەها ژنانەکانەوە دروست بکاتو ئەو پێي وایە کە هیچ دیگایەکی جیهانی بلە هیچ زانستێکدا بوونی نییە

( هیچ تیۆریایەك و هیچ میتۆدێك و هیچ زانستێك ناتوانێنت بێت..( بەڵکو لە دیدگایەکی دیاریکرا و لە نا کۆمەڵگە و بە قازانجی ئەوانە دادەنرێت کە دروستي دەکەن)، ئیدی بە چاوێکی رەخنەگرانە سەیري هەمووەدەزگاکانی کۆمەڵگە لەوانەش دەزگاي خێزاان و باوەریان وایە تا ژن رۆڵە نەریتییەکانی خۆی لە ناو خێزاندا ببینێت و جەستەو مولکییەی خۆي سەربەخۆ نەبێت ناتوانێت بوونی راستەقینەی بێت و ئەوان پ[ێیان وایە کە ئەزمون و بەها و شیوەکانی بیرکردنەوەی ژنان لە زانستە باوەکاندا جێگەی خاڵیە و میتۆد و رووگە و چەمك و تیۆریاکانی ئەم زانستانە بینا لەسەر و لە ناو ناوەوەی جیهانی پیاونەدا دروست بوون . (محمد پور،1389، ل468)

لە راستیدا ئەم بۆچوونە توندروانەی ژنگلراکانی ئەم قۆناغە دواي لادانی دیوي سۆزاوي و دامرکاندنەوەی پەرگیرییەکانیان بوونە مایەی دروستبوونی گەلێ زانسندتی ژنانە و بەشداري شێلگیرانەی ئەوان لە مەعریفەی مرۆییدا بۆنمونە لە دەرونناسیدا جیاوازی چینە خوارترەکانی نێوان دەروونی پیاو و ژنیان کەشف کرد و ئەوەشیان سەلماند کە رووگەی ئەخلاقي پیاو عەدالەت سەنتەري و لە کاتێکدا رووگەی ژنان زۆرتر دایكانە و بە میهر و شەفەقەتە. کاریگەري گەورەشیان لەسەر بابەتە یاساییەکان دانا (کە دواتر باسیان دەکەین)کارول گالیکان باوەري وایە لە کاتێك پیاوان بە شوێن چەسپاندنی مافەکانەوەن ئەوا ژنان زۆرتر هەستی بەر پرسیارێتیان لایە( ( ریموند ویکس(1388 ه ش، ل132)

3-قۆناغي سێیەم: قۆناغي سێیەم ئەو کاتە دەست پێدەکات کە کە لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا شوناسي یەکتا و هاوبەشي ژنان پارچە پارچە بوو ، بەو مانایە دۆخي هاوبەشي ستەم لێکراوانە و بەرەنگاربوونەوەی ژنان وەك ژن بوونی نەما. هەربۆیە بابەتەکە تەنها جیاوازی و ستەمی پیاوان بۆ ژنان نەبوو، بەڵکو بابەتەکە هەمەجۆری زیاتري تێکەوت: ئیدی تاك شوناسي رووبەرووبوونەوەی ژن لە تەك پیاودا تایبەت بوو بە ژنی کولتوورە رۆژئاواییەکان، ئیدی دەرکەوت نە ژنان وەك یەك لە هەموو شێمنان ستەملێکراون و نە ستەمیش تەنها لە لایەن پیاوانەوەیە، بەڵکو دەکرێت ستەم لە ژنان لە لایەن ژنانی دیکەوە بێت. لە نیوەی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە فیمینیستم رووگەیەکی ئاڵۆزی وەرگرت و شوناسائێکی ژنانەی نوێ دەرکەوتن وەك ژنانی پێست رەنگین و رەش پێست و ژنانی وڵاتانی دواکەوتوو و پێشتر داگیرکراو و هتد..

لە پاش نەوەدەکانی سەدەی رایردووش بزووتێکی نوێي ژنگەرایی دروست بوولة ژێر ناوی فیمینیستی پۆستمۆدێرنانە کە باوەریان وایە کە شوناسی ژنانەی جێگیر بوونی نییە کە لە لایەن کولتور و کۆمەڵگەوە وەلانرا بێت بەڵکو خودی سروشتی ژنانەو وپیاوانەش دروست دەبن، هەرر لێرەوە شوناسي جینۆسەنتەری ژنانە کەوتە ژێر پرسیارەوە. ( ریموند ویکس(1388 ه ش،ل131)

دووەم: جۆرەکانی ژنگەرایي:

ئەگەرچي جۆرەكاني ژنگەرايي بە ژمارە دياريكراو نين و ناشتوانريت دياري بكرين،(ملكيان، 1385، ل323) بەلام دەشيت جۆرە گشتييەكاني ژنگەرايي بەمانەي خوارەوە دابنريت:

أ- ژنگەرايي نەريتي كە داواي يەكساني خوازراو و ئاسايي نێوان ژنان و پياوان دەكات، ئەم جۆرە دەشێت بۆ دوو جۆر لە فيمينيستە ليبرال و چەپەكان دابەش بكريت، لە هەدوو جۆرەكەشدا دەشێت كۆن و نوێ جودا بكرێتەوە، ئيدی ليبرالە كۆنەكان لە ليبرالە نوێكان لە يەك جودا بكرينەوە، كە ليبرالە كۆنەكان داواي يەكساني هەلەكان بۆ هەردوو رەگەز دەكەن ئەمە لە كاتێكدا ليبرالە نوێكان بێجگە لە يەكاسنكردنەوە داواي قەرەبووی هەلە لە دستچووەكان و جياكاري ئەرێنی بۆ ژنان وەك بێبەشێك دەكەن كە ئەمەشيان لە هزری فەيلەسوفي سياسي وياساي بەناوبانگ(جۆن رازولز) وەرگرتووە كە يەكێك لە دوو بنككەی عەدالەت بە لاي ئەووەوە بريتييە لەوەی هەلەكان يەكسان بن و نا يەكساني حەتميش بە قازانجي بێبەشەكان بشكێتەوە. (حمه غريب، تحسين ، (2007م))

ب- ژنگەرای راديكاڵ، ئەمانە لە شەپۆلي دووەمی ژنگەران كە باوەريان وايە ژنان بە تەواوەتی لە پياوا ن جياان و بەڵكو زۆر لەوان باشترن و زانست و بۆچوون و بەها ئامرازی زانينتاييەت بە خۆيان هەيەو لە ياساشدا دەبێت حسێب بۆ تايبەتمەندی ژنانە بكرێت و ئەمانەش كاريگەری تەواويان لەسەر زۆر بابەتي ياسايي وەك ياسای سزايي و شايەتيدان(law evidence ) و نيمچە تاوان( tort law) و زماني پياوانە كە لە كيسەكاني لۆقەدا بەكاربراوە لە گوشارەكاني ئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە.( ( ريموند ويكس(1388 ھ ش،ل132)

ج-فيمينيستە دەروونكارەكان ، كە بە پشت بەستن بە تيۆرەكاني فرۆيد و لاكان لە لايەني نەستي دوو رەگەز و دەركەوتەكانيان دەكۆڵنەوە

د- فيمينيستي پۆست مۆدێرن ئەم جۆرە بۆسشيكردنەوەی پێگەی ئێستاي ناو كۆمەڵگەی ژنان پشت ب شيكاري گوتار دەكات نەوەك لايەني بايۆلۆج،ە هەر چەند ئەم جۆرە لە پێويست نەبووني جياكاري نێوان دوو رەگەز وەك جۆرەكاني ديكەيە.

هـ- فيمينيستي ولاتاني كەنار و دواكەوتوو و جيهاني سێ: ئەمانە لەهە ژنگەراكاني دەرەوەی ولاتە رۆژئاوايەكان پێك دێن كە بلە رەخنەگرتن لە دوات داگيركاري و مەعلاريفەی رۆژئاوا سەنتەربييەو جەخت لە چەمكی بووني ئەوي تري نا رۆژئاوايي دەكەنەوە.(محمد پور، 1389، ل484)

## باسي دووەم
## جياكاری ئەرێنی و جێبەجێكردنی بەسەر ياساكارپێكراوەكاني هەرێمی كوردستان
### (ياساي بەرەنگاربوونەوەی توندو تيژی خێزاني بە نمونە)

دوای ئەوەی لە باسي يەكەمدا باسي پێشكريمانەو بنەما ياساييەكاني جياكاريمان كرد ئەوە كاتي ئەوە هاتوهوە ئێستا جياكاري ئەرێنی بناسێنين بەسەر ياساكارپێكراوەكاني هەرێمی كوردستاندا ئەوەيش لە لە سێ داواي سەرەكيدا

## داوای يەكەم
### ناساندنی جياكاری ئەرێنی

بۆ ئەوەی چەمكی (جياكاری ئەرێنی بناسين پێويستە لە رووی زاراوەوە ولە روووی مێژووييەوە چەمكەكە بناسێنين:

**يەكەم: لە رووی مێژووييەوە:**

1- پاريزگاريكردن لە مافەكاني ژنان يەكێك لەسەرەكيترين بابەتە زۆر گرنگەكان دادەنرێت لە ليكۆلينەوە ياساييەكاندا، لەبەرئەوەی ژنان چەوسێنراونەتەوە و دەچەوسێنرێننەوە لە ناو زۆرێك لە كۆمەڵگە جيهانييەكاندا و بێبەشدەكرێن لە مافەكاني و ئازادييە بنەرەتييەكانيان، لە رووی مێژووييەوە چەمكی جياكاری ئەرێنی(positive action ) ياخود(affirmative action ) بۆ سالي (1961) لە ولاتە يەكگرتووەكاني ئەمريكا بەكار هات، كاتێك كە ويسترا ئەو جياكاريە نەرێنييەی كە رەشپێستەكاني ئەو ولاتە تێييدا دەژين بۆيان قەرەبوو بكرێتەوە ئەويش بە مەرسومی سەرۆكايەتی ژمارە(10925) لە لايەن (جۆن كنيدی) سەرۆكی ئەو دەمەی ولاتە يەكگرتووەكاني ئەمريكا، كە تێييدا داواكرا بوو لە هەموو پەيمانكاران و بەڵێندەران كە كار بە جياكاري ئەرێنی بكەن بە دامەزراندنی هەموو پێشكەشكاراني كار ، كار لە گەڵ هەموانيش بكرێت لە كاتي كاردا بە بێ جياوازی دەمار و باوەر و رەنگ و بنەرەتی نەتەوەیی(Thomas Sowell, (2004) P,1-2 .

گرنگی ئەم بابەتەش لەوەدا بوو کە رووی فەرمانی لە کەرتی تایبەت بوو کە لەوەو پێش بە ئارەزووی خۆی کاري بەو هاولاَتیانە دەبەخشي کە سەر بە رەگەز و نەژادی تایبەت بوون و و لە لایەن کۆمسیۆنی هەلی خستنەسەرکاری یەکسانەوە(Cee)یەوە سەرپەرشتی دەکرا. پاشان جۆنسۆن بە مەرسومی ژمارە (9 ) درێژەی بە بابەتەکە دا کە بەشێك بوو لە بەرنامەی کەمکردنەوەی هەژاري کە لە سالَی 1965 گرتبوویە بە. بەگوێرەی ئەو مەرسومەش پشکی رێژەیی تایبەت کرا بە کەمینەی رەش پێست لە هەندێ پسپۆري وەك پزیشکی و دیکەشدا. لە مارتی (1965)یشدا وەزارەتی کاری ئەمریکی راپۆرتێکی ئامادەکرد بەناونیشانی(خێزانە رەشپێستەکان لە پێناو نەخشەیەکی نشتمانیدا)کە تێیدا زۆر بە راشکاوي باسی پێویستی گرتنەبەری رێورەسمێکی تۆبزی کرا بوو لە پێناو کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییە زۆرەی لە نێوان هاونیشتمانیانی یەك ولاَتدا بووونی هەیە. دواي ئەو رووداوی خوێناویانەی ولاَتە یەکگرتووەکتن لە سالَی( 1969)دا بە خۆیەوە بینی چەندین مەرسومی دیکە دەرچوون کە داخوازی هێنانە ناو کۆمەلَگەی توێژە پەراوێزخراوەکانیان دەکرد، ئەمەش تەنها لەو توێژانەدا نەوەستایەوە کە پەیوەندیان بە نەژاد و رەنگی پێستەزە هەبوو ، بەلَکو توێژەکانی دیکەی وەك ژنانیشي گرتەوە.( Thomas Sowell, (2004),P123-124)

دواتر لەبەر ئەوەی چەمکەکە لە لایەن ولاَتانی وەك فەرەنسا و هێند و بەرازیل ومالیزیا و باشوری ئەفریکا پشتی بەسترا لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا ، ئیدی بلاَو بوويیەوە، لە هەردووو لایەنی یاساي نێو دەولَەتی یاساي ناوخۆدا پشتی پێبەسسترا. هەرچەند چەمکەکە لە هەر کام لەو ولاَتانە بە جۆرێك ناوي لێنرا: بۆ نمونە لە ولاَتە یەکگرتووەکان بە رێکاري ئەرێنی(Affirmative Action) و جیاکاری پێچەوانە( Reverse Discrimination و جیاکاری ئەرێنی و لە بەریتانیا و هیند بەجیاکاری ئەرێنی( positive Discrimination)، هەروەها لە سریلانکا پێوانەکردن(Standardization) و لە مالیزیا و ئەنەنوسیا بە کورانی نیشتمان(Sons of Soil) بەلاَم لە هەموویاندا ئاماژە بە هەمان بیرۆکە بوونی هەیە. (International encyclopedia of the social science, Vol.1, Macmillan Reference USA,Detroit, 2d. Ed., 2008,p.30)

2-بەلاَم لە رووی یاسای نێو دەولَەتییەوە بیرۆکەی یەکسانی کردەیي نێوان دوو رەگەز بۆ سالَي (1963)دەگەرێتەوە، کاتێك ئەنجومەنی ئابووري و کۆمەلاَیەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان وای لە ئەندامان کرد کە هەر دوو سالَ جارێك ریپۆرتێك دەربارەی ئەو پۆستانەی کە ژنان لە ولاَەکانیاندا بە دەستیان پێکەش بکەن. کە هەر چوار سالَ جارێك ئەو راپۆرتانە لە سالَی 1978 وە بەردەوام بێت . و ئەوەش ئەو نارۆگ\کە بوو کە پەیمانە نێو نەتەوەییەکان بۆ نمونە پکۆربەندی سالَی (1975) هانی ولاَتانی دەدا کە هاوسەنگی لە نێوان هەردوو رەوگەزدا دروست بێت لە پۆستە حوکمیي و لە هەلَبژاردنەکانیشدا. بە بەستنی پەیمنناماەی نەهێشتنی هەموو جۆرێکی جیاکاري دژی ژنان لە سالَی 1979ئەم بابەتە بە تەواوی رەنگی دایەوە و پیشانی دا کە کۆمەلَگەی نێو دەولَەتی تەنها گرنگی بە یەکسانی کردەیي نێوان ژن و پیاو لە بواری یسیاسیدا نادات بەلَکو تێیدەپەرێنێت بۆ بوارە ئابووري و کۆمەلاَیەتی و کولتورییەکەش کە بە گوێرەی مادەی چوار لە برگەی یەکدا لە نو بۆتەقەی گرتنەبەرە تایبەتە کاتییەکان هێنراوە. لیژنەی نەهێشتنی جیاکاي دژی ژنان کۆمەلێك داواکاریان پێشکەشکرد دەربارەی ئەوگرتنە بەرانە و هانی دەولَەتە ئەندامەکانیان دەدا کە هەموو مادەو بەندەکانی پەیماننامەکە بە تەواوەتی و بێ مەرج جێبەجێ بکەن لە رێگەی ه[نلنەدي یەکسانی تەواو لە نێوان ژن و پیاوان بۆ نمونە داواي ژمارە (5) لە خوولی حەوتەم سالَي( 1988) و داواکاری گشتی ژمارە بیست و سێ لە خوولي شانزەیەم سالَی 1997 و داواکاری ژمارە (25) لە خوولی سی لە سالَی (2004). هنا صوفي عبدالحي، 2009،ص23)

دواتر لە کۆنفرانسی چوارەمی تایبەت بە ژنان کە لە سالَی 1995 لە پەکینی پایتەختی چین بەسترا بریار لەسەر رێژەی گرەنتیکراو لە هەلَبژاردنە پەرلەملنییەکان بۆ ژنان ك کە کەمتر نەبێت لە 30% درا. بریاری ئەنجومەنی کۆمەلاَیەتی و ئابووري سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش ژمارە(15) سالَی(1990) دای بەشداریکردنی ژنانی لە پەیکەری دەسەلاتداري و بوونیان لە پێگەی ك دروستکردنی برار و هەولَي هوشیارکردنەو نەهێشتنی هەر رێگري و هەلوێستیکی نەرێنی دژ بە ژنان و رۆلَي لە دروستکردنی بریاري نیشتمانیدا و گرتن بەري ئەو رێگە و میکانیزمانەی واي لێدەکەن کە بتوانێت بە کاري لەو شێوەیە هەلَسێت لە پێش هەمووشیانەوە سیستەمی کۆتا) کە کۆتاش نمونەی جیاکاری ئەرێنییە بۆ ژنان . لە عێراقیشدا رێژەی 25% لە کورسییەکانی پەرلەمان تایبتکراوە بە ژنان بە گوێرەی مادەی (49) برگەی (4)

بەو شێوەیە لە رێگەی ئەو پەیماننامە بە کۆمەلاَنەوە بابەتەکە خۆي کشانە ناو یاساي نیشتمالنی ولاَتانی ئەندامەوە و عێراقیش بە ئەندام بوونی لە پەیماننامەکەدا پابەندی بە مەدلولی چەمکەکەی بۆ پەیدا بوو.(غادة نير لبيب احسان، (2014)، ل20)

**دووەم: پێناسەی جیاکاری لە رووی زاراوەوە:**

وا پێناسەی جیاکاری ئەرێنی دەکرێت کە بریتییە لە (کۆمەلێك میکانیزم کە دەگیرێنە بەر بۆ چارەسەری ئەو جیاوازییە کۆمەلاَیەتیيانەی هاتوونەتە بوون بەهۆي بێبەشکردنی بەرجەستەی ئەندامانی کەمینە بێبەشەکان لەوانەش ژنان بە ئامانجی ئەوەی کە هەلی یەکسانی کار و پێشکەوتنی فەرمانبەرانە و هەلی زانستیان بە پلەی یەکسان لەتەك تاکەکانی سەر بە زۆرینە یاخود بە دەسەلات بۆ برەخسێت لە پیاوان(سەبارەت بە ژنان)). لە رۆژگاری وەك ئەمرۆدا جیاکاري ئەرێنی وەك ئامرازێك دادەنریت بۆ رێگری لە داپلۆسینی سیستەماکیانە.( (مایکل ساندل، 1394).

له راستیدا بۆ ئەوەی به تەواوەتی له مانای جیاکاری ئەرێنی بگەین، پێویسته چەمکێکی دیکه بهێنینه ناوەوه که خۆی لەبنەرەتدا بنەمایەکی یاسایی گرنگه و له بنەرەتدا بەهایەکی مرۆیی گەورەشه و هەموو جیاوازییەکیش له ریشەدا لادانێکی بەویستانەیه لەو بەهایه، ئەویش بریتییه له بنەمای یەکسانی.کاتێکیش دەڵێین یەکسانی وەك بەهایەکی مرۆیی مەبەستمان یەکسانی کاڵی هەرگیز به دەست نەهاتوو نییه،که تەنانەت ئەگەر به گریمانه رووش بدات چرکه ساتێك زێتر نابات که له دەست دەدرێت. (آستنلی آي.بن،1392) ل447) بۆ ئەوەی له مەبەستی ئەوه بگەین که مەبەستمان لەم گوتەیه بگەین ئەوا ئەو نمونەیه دەهێنینەوه که فەیلەسوفی ئەمریکی بەناوبانگ (والتەزەر) باسی دەکات، کاتێك دەڵێت تۆ وا دابنێ ئێمه ده کەسین و ده دانه نانمان پێدەدەن، ئەوا ئێمه تەنها له کاتی وەرگرتنی نانەکەدا یەکسانیمان هەیه له خاوەندارێتی نانەکەدا. چونکه له دوای چرکەساتێك لەوانەیه یەکێك له ئێمه زۆر برسی بێت و به خێرایی نانەکەی بخوات و لەانەیه یەکێکمان باوك یان دایك بێت ئامادەی خۆبرسیکردن بێت لەپیناو ئەوەدا نانەکەی بۆ منالەکانی هەڵبگرێت. له وانەیه یەکێکی دیکەمان بازرگان بێت و بیەوێت دواتر نانەکەی بفرۆشێت و تا دووو نانی پێ دەست بکەوێت. لەوانەیه یەکێکمان حەزی له نان نەبێ و نانەکەی به خواردنێکی دیکه بگۆرێتەوه. ئا لێرەوه یەکسانی له هەموو شتێك و رەها بیرکردنەوەیەکی پوختەنەکراو و به دەست نەهاتووه. بەڵام یەکسانی وەك بەهایەکی پوختەکراو و مرۆیی ئەو یەکسانییەیه که هەم دیار و هەمیش شیمانەکراو(ممکن) و هەمیش ویستراوه له لایەن ژیري و رەوشتی مرۆ ڤەوه(مایکل والتزر، (1389)). دیاریکردنی ئەو یەکسانه ویستراوه لەناو جیاازییه فراوانەکاندا له لایەن زۆرێك له فەیلەسوفەکان دەبێته دادوەری و عەدالەت. هەروەك ئەرستۆ دەڵێت عەدالەت بریتییه لەوەی وەك یەکەکان وەك یەك و جیاوازەکانیش وەك به جیاوازی مامەڵه لەگەڵدا بکەیت. هەر لێرەوه لەم یەکسانییەدا چەمکی شایستەییش دێته ناوه واته یەکسانی لەو شتانەدا که شایستەی یەکسانین وبۆ ئەو کەسانەش که شایستەی ئەوەن به یەکسانی مامەڵەیان له ئێواندا بکرێت، هەر لێرەوه چەمکەکانی وەك مافی مرۆڤیش مانا پەیدا دەکەن که بنەمان بۆ زر بابەتی وەك جیاکاری ئەرێنین،واته یەکسانی مرۆڤەکان له بوونی ئەو مافانەی وەك مرۆظ شایستەن وەك یەك هەیان بن(آستنلی آي.بن،1392) ل452) هەر لێرەوه تێگەیشتن له تیۆریای عەدالەتی گەورەترین فەیلەسوف لەسەر عەدالەتی نووسیوه خۆي پیشان دەدات، که ئەویش جۆن راوڵزه و له ژێر ناوي عەدالت وەك ئینصاف و شایستەیی ناوی لیناوه. شرعییەتی هزری و فەلسەفی جیاکاری ئەرێنیش یەکێك له دووبنەما سەرەکییەکەی ئەو تیۆرییایه وەرگیراوه که بریتییه له بنەمای(یەکسانی هەلەکان و نا یەکسانییەکان دەبێت به قازانجی بێبەشەکانبشکێتەوه( که لێرەدا بێبەشەکان ژنانن) جیاوازی ستەمکارانەش بریتییه لەوەی به ویستی لو یەکسانییه ویستراوه لادراوه.(تحسین حمەغریب، 2016،ل 146). هەر لێرەوه جیاکاری ئەرێنی و نەرێنیش خۆیان دەردەخەن که جیاکاری ئەرێنی وەك ئەوی یەکێك له نووسەرەکان وای بۆ دەچێت بریتییه له کۆتێکی کاتی لەسەر مافی ئێستای زۆرینه و نایەکسانکردنی به ویستانەیان له پێناو یەکسانکردنەوەیەکی به ویستانەبەر دوو رەگەز له داهاتوودا. هەر لێرەوه بنەمای جیاوازی ئەرێنی ئینصاف و یەکسانی ویستراوانەدا دەبێن\ئتەو جیاکارییه رەگەزیانه نەهێلرین که له رابردوودا بوونیان هەبووه و ئێستاش بوونیان هەیه.

هەر بۆیه ئەو پێناسەیەی که بۆ جیاکاری ئەرێنی لەسەرەوه هێنامان پێناسەیەکی ورده که دەڵێت کۆمەڵێك میکانیزمه بۆ نەهێشتنی ئەو جیاازییانەی به هۆي ستەمەوه هاتوونەته بوون( هەر ئەو جیاوازییه ستەمکارانەیه دەبێته جیاکاري نەرێنی[4]. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو جیاکارییە ئەرێنییه عادیلانەو به ئینسافانه بێت وەك ئەوەی جۆن راوڵز باسی دەکات و بتوانێت ئەرکی خۆي جیبەجێ بکات پێویسته کۆمەڵێك مەرج هەن بێنه دی که لیکۆڵەران له شوێنی جودا و هەر کام هەندێکیان باس کردوون لێره دەیانهێنین:

أ-مەرجی یەکەمی هێنانەدی جیاکاری ئەرێنی کاتی بوونییەتی، هەروەك چۆن له برگەی یەکەی مادەی چوارەمی پەیمانامەی راگرتن توندو تیژی ناوی لیناوه (گرتنەبەرە تایبەته کاتیەکان)، بۆیەش نابێت وا دابنرێت که میکانیزمەکانی جیاکاری ئەرێنی و خودی جیاکارییەکەش هەمیشەیي و ئەبەدین. بۆیه دەبێت بەردەوامبوونی هەر جیاکارییەکی ئەرێنی بەسترێتەوه بەو ئەرکەهەیەوه که هەیەتی له ئامانجەکەی که هەڵگرتنی جیاکاری نەرێنی و نەبوونی بەهای یەکسانی و ئینسافه.

ب-نەمانەوه لەسەر پێوەرە ناهاوسەنگەکان و جوداخوازەکان، ئەمەش لەوەوه سەرچاوەی گرتووه که ئەو پێوەرانەی که به هۆی جیاکاری ئەرێنییەوه دانراوون تا سەر بەردەوامی هەبێت دەرەنجامی پێچەوانەیان دەبێت و دەبنه هۆي ئەوەی جیاکاری نەرێنی بەڵام به قازانجی ژنان بوونی هەبێت.(عمیور خدیجة (2018))

ج- دەبێت ئەو ئامانجەی که دەمانەوێت به هۆي میکانیزمەکانی جیاکاری ئەرێنییەوه بیهێنینه دی رێگەپێدراو بێت( ئامانجی عەدالەت و ئینصاف بێت).

د- لەبەر ئەوەی هەموو جیاکارییەکی ئەرێنی دواجار راگرتنی کاتی مافی تێدایه ، بۆیه دەبێت گرتنەبەری میکانیزمەکانی جیاکاري پێویست بن واه ، زیانیان له راگرتنی ئەو ئەو مافانه کەمتر بێت که له پێناو جیاکارییه ئەرێنییەکەدا را دەگیرێن.(وعد قنام،2018)

بەڵام ئەوەی له رووی هزری یاساییەوه جێیي لێکۆڵینەوەیه بریتییه لەوەی که ئایا دەشێت مافێکی هەبووی ئێستا له پێناو بابەتێکدا که له داهاتوودا دێته دي رابگیرێت. هەر ئەمەش بنەمای کۆمەڵێك رەخنەیه که له جیاکاري ئەرێنی گیراون که ئەمانه دیارترینیانن:

أ-یەکێك لەو رەخنانەی له جیاکاری ئەرێنی گیراوه ئەوەیه که له جیاکاری ئەرێنیدا توانا و هەوڵه تاکییەکانی کەس به کەم دەگرێت، چونکه هەل وجیاکاری بۆ کەسەکان دەکرێت بەر مەبنای گروپه و توێژەکەیان( لێرەدا ژنان)

ب-هەندێ لە ڕەخنەگران زێتر لەھ دەۆن و ناوي دەنێن جیاکاری پێچەوانە، کە دەرەنجمەکانی پێچەوانەی ئامانجەکەیەتی بەو مانایە ی دەبێتە هۆي دروستبوونی ستەمکاری بە جۆرێکی دیکە. چونکە بێ هیچ تێکۆشانێك هەندێك لە ژنان ئەو هەلانەیان دەست دەکەوێت کە مافی خۆیان نییە.

ج- جیاکاری ئەرێنی دەرەنجامەکانی گشتگیر نین و هەموو توێژە بێبەشەکان سوودیان لێ نابینن و هەر بۆیە ستەمکاری دژی ژنان تا هەنوکەش بەردەوامە.

د- جیاکاری ئەرێنی ڕۆحی کێبەرکێ و هەوڵدان دەکوژێت و بازاری ژیان سارد دەکاتەوە هەندێك بێزەحمەت هەلیان دەست دەکەوێت

ه- نەگونجاوی کە بە زمانی ئینگلیزی پێیي دەووترێت(mismatching) کە کاتێك پلەیەکی فەرمانبەری بەرز یاخود هەلی وەرگیران لە لە زانکۆیەکی پێشکەوتوو بي ئەوەی لیهاتوويي و ڕاهێنانی ئەوەی هەبێت ، دەبێتە هۆي ئەوەی ئەو کەسە ناسەرکەوتوو بێت لە کارەکەیدا، دواجار هەم خۆي زیان بکات و هەمیش کۆمەڵگە لە دەستدانی هەلەکە و بەرێوەنەچوونی کارەکەی زیان دەکات.[5]

بەڵام وەڵامی پشتگیریکەرانی جیاکاري ئەرێنی وەڵامی هەموو ڕەخنەکانی ڕەخنەگرانیان داوەتەوە ، بێجگە لە لایەنە هزري و تیۆرییەکە ئەزمونیان کردۆتە بنەماي وەڵامەکانیان بە ئەزمون پشتگیري دەکەن نمونە بەو وڵاتانە دەهێننەوە بەکە بە بەشداری زیاتری ژنان لە کاروباری گشتیدا بە هۆي بنەمای جیاکاری ئەرێنییەوە زۆر زێتر بووە.( هەمان سەرچاوە، ل 167-170)

هەمو ئەوەی وتمان پەیوەندی بە جۆری یەکەمی جیتکاری ئەرێنییەوەیە کە جۆرێکی ستایشرلو و باشە لاي پشتگیریکەرانی بەڵام جۆرێکی دیکەی جیاکاري نەرێنیە و لاي هەموان سەرزەنشتکراو و خراپە:

جیاکاري نەرێنی هەموو ئەو جیاکارییە ڕەگەزیانە دەگرێتەوە کە هەنوکە جێبەجێ دەکرێن و پیشتر جێبەجێکراون لە لایەن زۆرینەی پیاوانی دەسەڵاتدارەوە، کە چەقی دروستکەری ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتي و سیاسییانە بوون کە ئەو دوو ڕەگەزەی لە یەکتر جودا کردۆتەوە بە ئامانجی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بێ لایەن بەو ئیعتبیبارەی ئامانجی دووري کۆمەڵگەیە، لە داواي داهاتوودا دەربارەی جیاکاری نەرێنی لە یاسا کارپێکراوەکاندا دەتوێژینەوە( م د. کردستان سالم سعید(2017)، ل240)

**داوای دووەم**

**جیاکاریي نەرێنی لە یاسا کارپێکراوەکاندا**

جیاکاری ئەرێنی بە بنەمایەکی یاسايي دادەنرێت کە سروشتێکی کاتی هەیە بەستراوە بە هێنانەدی بنەمای یاسايي یەکسانی و ئینساف، مانەوەشی بەستراوە بە هێنانەدی ئەو ئەو بنەمایەوە، هەر لێرەوە بە بنەمایەکی لقی دادەنرێت بۆ ئەو بنەما سەرەکییە. لەبەرئەوەش لە ئاستی کۆملگەی جیهانیدا بۆ هێنانەدی بنەمای عەدالت و ئینساف بە پێویست دەزانرێت ( م د. کردستان سالم سعید(2017)، ل240)بۆیە لە زۆربەی سیستەمە یاساییە جیهانییەکاندا ڕەچاو دەکرێت و ئەمە بێجگە لەوەی لە یاسای نێودوەوڵەتیدا بە فراوانی ڕەچاو دەکرێت. (غادة نیر لبیب احسان، (2014) بۆیە ڕەچاوکردنی لە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستاندا بەهای یاسايي خۆي هەیە کە بیری لێ بکرێتەوە. بەڵام لەم بابەتەدا بوونی دیاردەی پێچەوانەی جیاکاري ئەرێنی کە ئەویش جیاکاری نەرێییە بە پێشێلکردنی بنەمای ئینساف و یەکسانی دادەنرێت، بۆیە توێژینەوە لەو بابەتە گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە و پێوستە بخرێتە بەر باس و لیکۆڵینەوە بۆیە ئێمەش ئەم داوایە تایبەت دەکەین بەو بابەتە. بەڵام پێشتر کۆمەڵێك تێبینی پێویست دەخەینە ڕوو:

1-تا ئەو جێیەی شیمانەی هەبێت سیاسەتی یاسادانانی هەرێمی کوردستان جیاوازە لە سیاسەتی یاسادانانی فیدراڵي هەر بۆیە ئەمە واي کردووە هەندێ لێکۆڵەران سیاسەتی یاسادانانی هەرێم گونجاوتر لەتەك ڕووگە جیهانییەکە ببینن و هەروەك ئەم ڕووگەیە لە راپۆرت و کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکاندا بە ئەرێنی نرخێنراوە( د محمد رشید حسن(2018)ل252).

2-جیاکاری ئەرێنی بە لقێك داەنرێت لە بنەمای یەکسانی و نابێت دژ بیتەوە لە تەك ئەو بنەمایەدا و لە رووی دارشتنی رێسا یاساییەکاندا نابێت شپرزەيي وا هەبێت ئامانجەکە روون نەبێت، یاخود بە پێچەوانە بکەوێتەوە واتە لە بری رێگری لە ستەمکاری رەگەزی بەرامبەر(لیرەدا پیاوە ببێتە مایەی ستەمکردن لە پیاو. هەروەها نابێت بنەما گشتییەکانی یاسادانان هەم لەرووی فۆرم و دارشتنەوە هەمیش لەرووی ناوەرۆکەوە وەك ناروونی چەمککان و دژ هاتنەوە لە نیوان دەقە یاساییەکاندا هەبێت، کە هەرکام لەوانەش لە زۆرێك لەو یاسایانەی مەبەستی سەرەکی تێییاندا راستکردنەوەی هاوسەنگی و جیاکاری ئەرێنییە بوونیان هەیە.

3-لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراقەو یاسا کارپێکراونەی عێراقیش کە هەنوکە لە هەرێمیش کاریان پێدەکرێت هەم جیاکاری ئەرێنی هەمیش جیاکاری نەرێنی بوونی هەیە، ئەگەرچي لە راستیدا رووە نەرێنییەکە زیاتر دیارە[6].

4- لەبەرئەوەی جیاکاری ئەرێنی بنەمایەو بنەماش خەسڵەتی گشتیتری هەیە لە رێسای یاسايي و تەنانەت لەوانەیە بنەماکە لە وتراوی(ملفوظ)ی رێساکاندا دەرنەبردراوە، بۆیە ناتوانرێت هەموو رێساکا یاساییەکان بهێنرێت کە بوونی دەرەکی(المصداق الخارجي) بنەماکەن، بۆیە ئێمە لێرە تەنها سێ یاسای کارپێکراو وەردەگرین بۆ پیشاندانی بوونی جیاکاری نەرێنی و لەو یاسایانەشدا هەندێك لەو رێسا یاساییانەش لەو س] یاسایەدا بەنمونە

وەردەگرین کەھ پێشاندەری بوونی جیاکاری نەرێنین: یەکەمیان دەستوور و دووەمیان یاسا سزاییەکان و سێیەمیان یاسای باری کەسێتییە.

یەکەم: (دەستووری عێراق): دەستوری کۆماری عێراقی فیدراڵي (2005) هەمیشەیی، بە یەکێك لە دەستووره پێشکەوتووەکان دادەنرێت و لە هەموو دەستووره پێشترەکانی عێراق لە رووی دابینکردنی ماف و ئازادییەکان. بێگومان هەرێمی کوردستانیش وەك بەشێك لە عێراق رێسا دەستورییەکانی بەسەردا دەچەسپێت بە حوکمی بنەمای سەروەری دەستووری رێسا دەستوورییەکان بەسەر رێسا یاساییەکانی دیکەدا. لە رووی جیاکاری ئەرێنییەوە زۆر لە پێشترەو ، زۆر نزیکترە لەو یاسا نێونەتەوەیي و نەریت و پەیماننامە نێو دەوڵەتیيانەی کە بە مەبەستی گرەنتی یەکسانی ژن و نەهێستنی جیاکاری نەرێنی و چەسپاندنی جیاکاری ئەرێنی دادەنرێت. هەر بۆنمونە کە لە مادەی (49) برگەی(4) دا ب گوێرەی بنەمای کۆتا و نەبوونی رێژەی کەمتر لە نوێنەرایەتی پەرلەمانی عێراق بە(25%)، هەنگاوێکی گەورەیەو نمونەیەکی روونی لە پێش نەبوویە. ئەگەرچی باسکردنی ئەو رێژەیە تەنها بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و باس نەکردنی دەزگا و ئەنجومەنە یاسادانانەکانی دیکە لە پارێزگا و قەزاکان لە رووی کردەییەوە بە رەچاونەکردنی ئەو بنەمایە دادەنرێت، بە حوکمی نەریت و کولتووری کۆمەڵگەی عێراقی د وائل محمد اسماعیل(2018)، ل122)

هەروەك دەشێت ئەو برگەیە بە مادەی (142) دەستوور هەڵبووەشێتەوە و ئەو دەمەش ئەو جیاکارییە ئەرێنییەی بوونی هەیە نەمێنێنت.

یەکێك لەو رێسایانەی کە لە دەستووری عێراقدا هەیەو جیاکاریي نەرێنی روونی تێدایەو وای کردوە بێتە مایەی رەخنەی یاساناسان و چالاکانی بواری ژنان ئەویش بریتییە لە مادەی (41) کە تێیدا هاتووە(عراقییەکان ئازادن لە پابەندبوون بە بارە کەسایەتییەکانیان بە گوێرەی ئایین و و ئایینزا و وبیروباوەرەکانیان و هەڵبژاردنەکانیان و ئەمەش بە یاسا رێکدەخرێت) دیارە ئەمەش چ بێسەروبەری لەدانانی دادگای جیاواز و نەبوونی یەك یاسايي و هەڵوەشاندنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە(188)ی ساڵی (1959) و رای جیاوازی ئایین و ئایینزاکان و بوونی جیاکاری نەرێنی راشکاو دەربارەی ژنان لە هەندێ لە ئایین و ئایینزاکاندا.( هەمان سەرچاوە، ل126)

دووەم: یاساکانی سزادان: یاساکانی سزادان بە هەردوو جۆری( بابەتی و فۆرمی) یيەوە لەو یاسایانەن کە زۆرترین کێشەیان لەسەرە و لە رووی جیاکاری نێوان دوو رەگەز و زۆربەی جار بە قازانجی رەگەزی بەرلامبەر بە جیاکاری نەرێنی توێژینەوەیان دەربارەکراوە. هەرچەند لە هەرێمی کوردستان وەك بەشەکانی دیکە لە پێناو دروستکردنی یەکسانی دەستکاری کراون ، بوونی (یاسای بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی خێزانی) ژمارە(8)ی ساڵی(2011)نمونەیەکی دیاری ئەوەیە، سەرەراي ئەو رەخنانەی لەو یاسایە گیراوە و داوای داهاتوو تایبەت دەکەین بەو یاسایە.( حسن(2018) ل251-252)

1- بۆیە لێرەدا چەند نمونەیەك لە یاساي سزاداني عێراقی ژمارە (111) ی ساڵی(1969) لە یاسا بابەتییەکان دەهێنینەوە. لەگەڵ تێبینی ئەوەی هەندێك الەو رێسا اساییانەی لە یاسای ناوبراودا کاریان پێدەکرێت لە هەرێمهی کوردستان گۆراوون بۆ نمونە سووکترنی سزای کوشتن بەهۆکاری شەرەف و سەندنەوەی ئابرووەوە کە لە مادەی (409)دا هاتووە بە پێیي بریاری ژمارە (14)ی (2002/8/14)ی پەرلەمانی کوردستان کە وەك تاوانێکی ئاسايي دادەنرێت و هیچ سوککردنێکی تێدا نییە. هەروەها هەندێ رێسای دیکە ی وەك مادەی (41) ی برگەی (9) مافی پیاوو لە ئەدەودانی(تإدیب) ژنەکەی و هەروەها راگرتنی کارکردن بە وەرگرتنی پاساوەکانی پیاولە سوککردنی سزادادندا کبە کوشتنی ژنەکەی لە ئانی ئەنجامدانی تاوانی زینادا و لادانی مەرجی خیانەتی خێزانی بە ئەنجامدانی لە ماڵی ژن و مێردایەتی و یەکسانکردنی بە ژن لەم مەسەلەیەدا و تاوانی هۆکاربوونی خۆکوژ و دواجا دەرکردنی یاسای توندو تیژی خێزانی.(هەمان سەرچاوە، ل 250) بەڵام تا هەنوکەش کۆمەڵێ رێسای یاسايي لەو یاسایەدا هەن و جیاکاری نەرێنین و لە عێراق و هەرێمیش کاریان پێدەکرێت بۆ نمونە مادەکانی (427) و (398) کاتێك تاوانبار لەتەك قوربانییەکەیدا رێك دەکەوێت لەسەر هاسەرگیری ( لەوتاوانانەدا کە لە دوو مادەکەدا باسکراون ) لێکۆڵینەوە لە تاونەکە و هەموو رێکارەکانی دیە رادەگیرێن.

هەروەها لە (م 384) نە بابەتی نەکێشانی خەرجی بۆ کۆمەڵێك کەس، لەوانەش هاوسەر کەبە یاسا بسەپێنرێت ئەوا بۆ ماوەی ساڵێك زیندانی دەکرێت یان بە برێك پارە سزا دەدرێت( کە لە سەد دینار تێپەر ناکات یاخود بە یەکێك لەو دوو سزایە) لە کاتێکدا دەتوانرێت جێبەجێکردنی سزاکەش رابگیرێت، لە کاتێکدا دەبوا بە دانی خەرجییەکە و قەرەبووکردنەوەش بۆ زیانەکان ئەگەر هەبوون سزا بدرایە. ئەم بابەتەش پەیوەندی بە بێبەشەکانی وەك ژن و مناڵ و بە تەمەنەکانەوە هەیە. هەر بۆیە لەبەرچاونەگرتنی ئەو لایەنە بە جیاکاری نەرینی دێتە ئەژمار.

هەروەك تاوانی هاندانی ژن لەسەر زینا لە لایەن مێردەکەیەوە و ئەگەر ژنەکە تاوانەکەی ئەنجامدا و ئەم بابەتە لە مادەی (380)دا باسی لێوە کراوە، بەڵام ئەگەر پیاوەکە ژنەکەی هاندا و ژنەکە تاوانەکەی ئەنجام نەدا، ئەوا هاندانەکە بە تاوان دانانرێت .بێگومان ئەمەش جیاکارییە.پێچەوانە دێتەوە لە گەڵ (م6) لە پەیماننامەی راگرتنی جیاکاري(بازرگانی کردن بە ژنان و بەکارهێنانی هەموو شێوازێکی لەشفرۆشی). (اتفاقیة القضاء علی جمیع أشکال التمییز ضد المرأه، 1979)

لەبەرئەوەی بابەتی جیاکاری ئەرێنی پەیوەندی بە بنەمایەکی یاسايي و بەهاییەکی مرۆیي وەك یەکسانی و عەدالەتەوە هەیە، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین رێساکانی لە رێسا فەرماندەرەکانن (القواعد الآمره ) ئەو تاوانانەش پەیوەندیان بەو لایەنەوە هەبێت هەموویان تاوانی گشتین و لە تاوانەکانی مافی تایبەتی نین تا جوڵاندنی سکاڵا بەسترابێت بە ویستی تاوان بەرامبەرکراوەوە(المجني علیه) بێت( نصار محروس الهیتی، 2011،ل37)بۆیە هەموو تاوانەکانی وەك تاوانی زینای خێزانی(م 377) و نەدانی نەفەقە بۆ ئەوانەی مافیان لەسەری هەیە( م384) و تاوانی زینای کەسە نزیکە حەرامکراوەکان(م380) و بە

تاوانی نەدانەدەستی منالّ بۆ ئەو کەسەی مافی بەخێوکردنی هەیە(م381) و هتد.. کاتێك لایەنەکە ژن بوو ئیدی زۆرجار لەژێر فشاری نەریت و کۆمەڵگەدا سکالا پێشکەش ناکات، بۆیە هەر بەوەی داواکاری گشتی دەستوەرنەداتە هەرکام لەوانە ئیدی بە جیاکاری نەرێنی لە دژی ژنان حسێب دەکرێت.چونکە ئەوەی پێچەوانەی پاراستنی کەرامەتی مرۆییە کە لە پەیمانامە نێو دەوڵەتییەکاندا هاتووە. هەروەك بە خستنەرووی گرێبەستی هاوسەرگیری ئیدی کەتامەتی چووی ئەو کەسە دەگەیتەوە ، لە کاتێکدا هلاوسەرگیری دەبێت بە هەڵبژاردنی مرۆڤ و لەوپەری ویسی مرۆڤەوە بێت.

2- هەروەك لە یاسای فۆرمی سزایی وەك (بنەماکانی سزادانی سزایی) (اصول المحاكمات الجزائية) ژمارە (23) سالّی (1971)ی هەمووارکراو چەند جیاکاری نەرێنی دەبینرێت وەك مادەی(3) کە جوڵاندنی سکالا بە مافی کەسی دەژمێردرین لە هەندێ تاواندا، لەوانە زینای خێزانی و فرەژنی و لۆقەکردن و دزی و خیانەتی سپاردەو فێلکردن ئەگەر تاوانبەرامبەرکراو هاوسەری تاوانبار بوو، بێگومان ژنان لەکۆمەڵگەی عێراقیدا زۆر دەگمەن دەچن سکالا لە دژی ئەو تاوانانەی پێشتر باسمان لێکردن کە بە مافی کەسیداران بزوێن . هەروەك لە مادەی(9) وازهێنان لە مافی سکالاّ کە تاوانبەرامبەرکراو ئەو مافەی هەیە هەمان بابەت دووبارە بۆتەوە. هەروەها لە مادەی( 68) مافی شایەتیدانی لەسەر هاوسەرەکەی لێوەردەگیرێتەوە مەگەر تۆمەتی زینای درابوویە پاڵ، یاخود بە تاوانێك دژی کەسی یان ماڵی یان منالّی یەکێکیان تۆمەتبارکرا بوو.

سێیەم: یاسای باری کەسێتی : ئەگەرچی زۆرێك ریساکانی باری کەسێتی ژمارە (188)ی سالّی(1959) بە یاسای هەموارکردنی ژمارە (15) سالّی (2008)پەرلەمانی کوردستان هەموارکراون

لەوانە بە تاوان حسێبکردنی فرە ژنی بێ مۆڵەتی دادگا و توندکردنی مەرجەکانی و یەکسانکردنی شایەتی ژن و پیاو لە بابەتی هاوسەرگیریدا (مادەی (3) هەموارەکە).

بەڵام هێشتا ئەو هەموارکردنە هەموو جیاکاریە نەرێنییەکانی یاسای باری کەسێتی عێراقی چارەسەر نەکردوە کە هەنوکەش کاریان پیدەکرێت. بۆ نمونە مادەی (29) حوکم دان بە جەرج بۆکێشان یاخود قەرزکردن بەناوی مێردەکەیەوە کە لای ئامادەنییە، لە بری ئەوەی سندوقێك هەبێت لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ ئەم جۆرە حاڵەتانە کە ئەمەش ملکەچی و پێچەوانەی جیاکاری ئەرێنییە بۆ ئافرەت.

هەروەك لە مادەی (40) یاساکەدا هاتووە ئەگەر پیاوەکە ژنی دووەمی هێنا ژنەکە بۆی هەیە داوای جیابوونەوە پێشکەش بکات و بۆی نییە سکالای سزایی پێشکەش بکات ئەگەرچی بە گوێرەی هەموارکردنەکەی هەرێم ئەوە بە تاوان دادەنرێت و پێشتریش ئەوەمان باسکرد ئەمە دەبێت لەو تاوانانە دابنرێت کە دەرهەق بە مافی گشتی ئەنجام دراوون. بێگومان هیچ کەس نابێت بە هێچ کەس رێگە بدات تاوانی یاسایی ئەنجام بدات ئەمەش یەکێکە لە بنەما گشتییەکانی تۆبزی رێیسای یاسای((البشير، عبدالباقی البكری زهير (1989)) و لەگەڵ تێبینی ئەوەش ئەگەر فرەژنی بە تاوان دانلرا ئیدی شوێنی یاسای تاوانەکانە نەوەك یاسای باری کەسێتی.(حسن،(2018))

هەروەها پەیوەند بە باری کەسێتییەوە و بە گوێرەی مادەی(102) لە یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (4) سالّی(1951) دایك بە هوەلی ئەمری منالەکانی دانانرێت کە لە زنجیرەی وەلییەکاندا کە لەو ماجەیەدا بە قلەبەندی داراون دایك نەهاتووە بێگومان ئەمەش بە جیاکاری نەرێنسدادەنرێت.( یاسای شارستانی عێراقی، ژمارە(40) سالّی(1951))

هەروەها پێویستی رێگرینەکردن لە نیشتەجێکردنی دایك و باوکی پیاوەکە یاخود یەکێکیان لەتەك ژنەکەیدا ئەگەرهاتوو زیانی بە ژنەکە نەگەیان، بە بێ ئەوەی ئەو بۆی هەبیت لەگەڵ دایك وباوکی خۆی یان یەکێکیان هەمان کار ئەنجام بدات، بە گوێرەی مادەی(6) برگەی(3) یاساکە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت بە گوێرەی بنەماکانی یەکسانی و دادوەری و ئینساف لە هەندێ لە مادەکانی یاسای هەموارکردنەوەی کوردستان نەك هەر جیاکاری ئەرێنی ژنان جێبەجێکراوە ، بەڵکو نا یەکسنی بەرامبەر بە پیاوان ئەنجام دراوە وەك لە مادەی(24) کە دەڵێت( هەموو کەس خەرجی لە ماڵی خۆی دەبێت تەنها ژن نەبێت کە خەرجی لەسر مێردەکەیەتی، هەروەها خەرجکردن تەنها لەسەر پیاوە بە تۆبزی و بە هاوبەشییە لە نێوان هەردووکیاندا ژنەکە بەوە رازی بوو، واتە لەسەر ژنەکە پێویست نییە بە هاوبەشیش ئەگەر دۆخی ئابووری باش بوو .

هەروەك لە هەندێ لە مادەکانی یاسای هەموارکردنەکەدا جیاکاری نەرێنی بەرامبەر بە ژن کراوە وەك لە مادەی (6) برگەی (1)دا هاوسەرگیری بە ناچارکردن لە پێش ئامێزان(الدخول) و پاش ئامێزان بریارەکەی جیاوازە لە کاتێکدا هۆکارەکەی(العلة) هەمان هۆکارە کە بریتییە لە ناچارکردن(الاكراه). کە بریاری پێش ئامێزان پوچەڵ بوونەوە(الابطال) و پاش ئامێزان بوونیش راگرتنە(الوقف)، بێگومان ئەمەش پێچەوانەی کەرامەتی مرۆیانەی ژنەکەیە و ناچارکردنییەتی بە ژیانێك کە بە ناچارکردنی دەستی پێکردووە.

هەروەك (وەلي) بوونی دایکی لە کاتی مردن یان ئامادەنەبوونی باوکدا تایبەت کردوە بە کاتێکەوە کە ئەو بە خێوکەر (حاضنة) بێت دووبارە ئەمەش جیاکاری نەرێنییە کە لە هەموارەکەدا هاتووە. (یاسای هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی ژمارە (15) سالّی (2008)پەرلەمانی کوردستان مادەی(5)ب 2)

## داوای سێیەم

## جێبەجێکردنی جیاکاری ئەرێنی بەسەر یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی

(یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی) یەکەمە لە جۆرەکەی لە عێراق و لە پێشەنگەکانە لە وڵاتەکانی ناوچەو نیشانەی پێگەیشتنی یاسادانەری هەرێمە و وێکهاتنەوە لە تەك سیاسەتی یاسادانانی نوێی جیهانی و درکی بۆ بابەتە ریشەیی و گرنگەکانی کۆمەڵگە. سەرەڕای ئەو رەخنانەی لە لایەن توێژەرانەوە لە یاساکە گیراوە(د. سردارعلي عزيز(2013)) هەم لە رووی دارشتنی یاسایی و هەمیش لە رووی ناوەرۆك و دووبارەبوونەوەی پایەکانی زۆربەی تاوانە هاتووەکانی ناو یاساکە لە یاسا سزاییەکانی دیکەدا__ بە تایبەت یاسای سزایی دایك کە بریتییە لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111) ساڵی( 1969) __ (حسن(2018))و بێجگە لە بێهودەکردنی بە تاوانناساندنەکان و میکانیزمە دانراوەکانی ناو یاساکە لە رێی بەکارهێنانی گوتەزای( مع عدم الإخلال بأيه عقوبة اشد تنص عليها القوانين النافذة في الاقليم) دووجار لە یاساکەدا(مادەی (6) و (7))کە ئەوەش وا دەکات کە زۆربەی رێسا یاساییەکانی ناویاساکە کە ناسێنەری تاوانەکانن بێبانا بن چونکە زۆربەی تاوانەکان لە یاساکانی دیکەدا سزای توندتر و رێگیرانەتریان هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی ئەمە وادەکان دادوەر چاوێکی لە یاساکانی دیکە بێت.(حسن(2018) ل265)

بۆ ئەوەی پێشتر پێکولێمان کرد دەربارەی دەربارەی (بنەمای جیاکاری ئەرێنی) لەم توێژینەوەیەدا و بەسەر یاساکەدا جێبەجێی بکەین ئەوا لە پێشدا ناساندنێکی کورتی یاساکە دەکەین و پاشان بنەماکەی بەسەردا جێبەجێدەکەین:

یەکەم: ناساندنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی

یاسای(بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی) ژمارە (8) ی ساڵی(2011) پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر داوە لە دانیشتنی ژمارە (28)ی رۆژی(2011/6/21. یاساکە پێکهاتووە لە دە مادە. یاساکە یەکێکە لە یاسا تایبەتە سزاییەکان و بۆ رووبەڕووبوونەوەی دیاردەی توندوتیژی خێزانی بە شێوەیەکی گشتی و توندوتیژی دژی ژن و منداڵ بە شێوەیەکی تایبەتی و دەستکرا بە جێبەجێکردنی لە کۆتایی ساڵی(2012)دا، دوای ئەوەی لە رۆژنامەی فەرمی بڵاوکرایەوە، هەرچەند پێکهێنانی لیژنە تایبەتەکانی رێککەوتنی ئاشتیانە وشارەزا و پسپۆرەکان کە لە مادەی (5)ی یاساکەدا باسکراوە دواکەوت بۆ ساڵی(2013). یاساکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە رووی ناوەرۆکەوە لە دووبەش پێکدێت کە ئەوانیش، بریتین لە بەشی بە تاوانناساندن(التجريم)، بە تاوانناساندنی تندوتیژییە خێزانییەکان کە مادەی دووەم بۆ ناساندنی تاوانەکان و برگەی دووی مادەکە بۆ پارێزگارهی لە تاوان بەرامبەرکراو و پێویستی پارێزگاری لێکردنی و برگەی سێش بۆ هەوال دان لەتاوانی توندو تیژی خێزانو لایەنەکانی پیوەند بەو بابەتە. مادەی سێش بۆ دادگاییکردن و پێکهێنانی دادگا و چارەسەری توندوتیژی بەرامبەرکراو و چاکسازی و بارهێنانەوەی و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەرامبەر توندوتیژی خێزانی، هەر کام لە مادەکانیش لە چەند برگە پێکهاتوون ، ئەم بەشەيی اساکەش چەندین رەخنەی لێگیراوە کە لە سەرەوە ئاماژەمان بە هەندێکیان دا و دیارترینیان بریتییە لە جیاکردنەوەی هەردوولایەنی رێکاری سزایی، کە ئەوانیش بریتین لە بە تاوانناساندن(التجريم) و سزادان(العقاب).

بەشی دووەمی یاساکەش بریتییە لە پارێزگاری لایەنی لاوازی خێزان بەرامبەر ئەو توندو تیژیانەی کە ئەگەری هەیە رووبەروویان بێتەوە، گرتنە بەری ئامراز و دروستکردنی دامودەزگای پارێزەرا لە توندو تێژی و سزادانی پارێزەرشکێن: کە مادەکانی(4__5)ی بۆ تەرخانکراوە و مادەکانی شەش و حەوتیش بۆ سزاکان کە لەگەڵ تاوانەکاندا باس نەکراوون.

مادەی(8)یش رایدەگەیەنێت بۆ هەر بابەتێك کە پەیوەندیدار بێت و لە یاساکەدا باس نەکرابێت یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (111)ی ساڵی (1969) بنەماکانی دادگاییکردنەکانی سزایی ژمارە(23)ساڵی( 1971) و یاسای هەموارکردنی باری کەسێتی هەرێم ژمارە(15) ساڵی(2008) جێبەجێدەکرێت لەو بابەتانەدا کە لەم یاسایەدا دەقی دەربارە نەهاتبێت، ئەممەش پێمان دەڵێت کە یاساکە یاسایەکی لقی و رۆڵی تەواوکارانەی هەیە.

دووەم: جێبەجێکردنی بنەمای جیاکاری ئەرێنی بەسەر یاساکەدا. روونە کە یاساکە لەبەر ئەو تایبەتمەندییەی کە لە خێزاندا هەیە و ریشەی قووڵی پەیوەندی خێزانی واي کردوە کە یاساکە دەرچێت هەروەك لە هۆکارەکانی پێویستبوونی یاساکەدا باسکراوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە بەرامبەر نەبوونی کەسەکانی ناو خێزان لە رووی توانای جەستەیی و مەعنەوییەوە وا دەکات هندێك لە ئەندامانی خێزان لە ژێر دەستی ئەوانی دیکە بن و لە زۆربەی کۆمەڵگەی جیهانیدا میکانیزمە ئەخلاقي( هەستی میهرەبانی، خۆشەویستی و بەرپرساري) و کۆمەڵایەتی و ئاینیەکە قەرەبووی ئەو لاوازییەی ئەندامەکانی خێزانە . هەرچەند بە تەواوەتی رێگر نییە لە توندو تیژییەکانی خێزان بە تابەت ئەگەر هەندێك لە ئەندامانی خێزان بەناو پرۆسەی پەروەردەیی شیاودا تێپەر نەبووبن، یاخود تایپی کەسایەتی و باري دەروونیان بە شێوەیەك بێت کە ئەگەری دەرکەوتنی توندوتیژیان لێبکەوێتەوە. هەر بۆیە هەر خودی بوونی یاساکە بەرگەرییە لە لاوازەکان وەك لە فرموودەیەکی پێغەمبەری ئیسلامدا هاتووە(اللهم اني احرج حق الضعيفين: اليتيم والمرأه)[7] ( خوایە! من مافي دوولاوازەکە زۆر بە توندی دەگرم: ژن و منداڵ) ماناي جیاکاری ئەرێنییەبۆ منالان و ژنان و پێشەنگبوونیشی- لە ناوچەکەدا لەم رووەوەیە . بە تایبەت رەگەزی مێینە کە هەم وەك منداڵ(کچ) و هەمیش وەك (ژن) ئەگەري رووبەڕووبوونەوەی زۆرتري هەبووە و مێژووش پێمان دەڵێت کە لەم جۆرە حاڵەتانەدا زۆربەی توند و تیژییەکان بەرامبەر ئەو بوون. بۆیە یاسادانەر بە ئەرکی خۆی هەڵساوە لەو رووەوە لە راستیشداکارێکی کردوە کە ویژدانی مرۆڤایەتی داخوازی ئەوەیە. هەر بۆیەش ئەو تاوانانەی هێناونی بە تاوانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقي دانراوون و مافي

گشتیان پێویە، بۆیەش جیاکاری ئەرێنی ژنان بە زۆربەی برگەو بابەتەکانی یاساکەوە چ بە روونی یا شاراوەیی دیارن:

1- جیاکاری ئەرێنی دیار لە ناویاساکەدا:

جیاکارییە ئەرێنییە دیارەکانی ناو یاساکە لەو برگەو مادانەدا دیارە کە راستەوخۆ بۆ ژنانن وەك:

ا- وەك بەتاواندانانی ژن بە ژن و بە شوودانی منالٌ(م 2، ب(1) خ 2) و ژن لە خوێندادان(م 2 ب(1) خ 3) و

ب-بەزۆر بەشوودان و(2ب ب(1) خ 3) و دابرانی لە خزمان، هەرچەند ئەمە زۆر روون نییە مەبەست چییە، بەلاٌم لە راڤەیدا وتراوە مەبەستلێی رێگرتنە لە ژن بۆ ئەوەی سەردانی کەسوکاري نەکات .

ج-خەتەنەکردنی مێینە( م(1)ب(1) خ(7) و لەباربردنی کۆرپەلە بە هۆی توندو تیژییەوە(م(1) ب(1) خ (11) و جنێو پێدان و گورەشە لێکردن و هەرەشە لێکردن و ریسواکردن و سووك سەیرکردن و لۆقەکردن و پێشێلکردنی مافەکانی و ( م2)ب(1)خ (13))

د-ناچارکردن بە لەش فرۆشي و بە پیشەکردنی (م(1) ب(1) خ(5)

ه- مادەی شەش و هەر چوار برگەکەی کە کە سزادانی هەموو ئەو کەسانەیە کە خەتەنەی رەگەزی مێینە دەکەن بە هەردوو ئاستی گەورە و بچوك و بەشداربووان لەو بابەتەدا و سزای مادی و زینداني کردن و رێگرتن لە پیشە ئەگەر مۆڵەتدراوبن وەك پزیشك و یاریدەدوري پزیشك و ماماٌن و یاریدەدەرەکانیان، ئەمانەش بە دۆخی توندکەري سزايي(الظرف المشدد) دادەنرێن.(م(6) ب(4))

2-جیاکاری ئەرێنی نادیار لە ناو یاساکەدا: مەبەست لەو بە تاوانناساندن و پارێزگارییانەیە لە یاساکەدا کە دياري نەکراوە مەبەست پێیان جیاکاری ئەرێنیە بۆ رەگەزی مێ یاخود نێر بەلاٌم لە رووی کردەییەوە بە جیاکاری ئەرێنی ژنان دەکەونەوە وەك:

ا- بەزۆر تەلاقدان (م(1) ب(1) خ(4)

ب-بە زۆر سێکس لەگەڵدا ئەنجامدان(م(1) ب(1) خ(5).

ج-ناچارکردن بە وازهێنان لە کار یاخود دامەزراندنەکەی(م(1)

د-پشکداربوونی تاوان بەرامبەرکراوی توندوتیژی خێزانی لە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگاري کۆمەلاٌیەتی. (م(2) ب(3))

ه-پاراستنی زیانلێکەوتوو لە بەرامبەر توندوتیژی خێزانی و گەیاندنی بە نەخۆشخانەو ورێگري لە شکات لێکراو بۆ چوونە ماٌلي خێزانی( م(4) ب(2) و بەڵێننامە لێسەندنی کە توندوتیژی ئەنجام نەدا(م(4) ب(3) و سزا دانی ئەگەر بوڵێنەکەی شکاند

## پاشمەند
## (دەرەنجام و پێشنیازەکان)

**یەکەم: دەرەنجامەکان:**

1- هەموو توێژینەوەیەکی زانستی بێجگە لە گریمانە و مێتۆد و بەڵگە پێشگریمانەی خۆی هەیە، لەم رووەوە دەبێت لەکاتی هەڵسەنگاندن و بەهاپێدانی توێژینەوەکە پێشگریمانەکانی لەبەرچاوبگیرێن، دەبێت توێژەریش پێشگریمانەکانی خۆي پوختە بکات: بەو مانايەی پێشگریمانە نزیکەکان وکۆرِا لەسەرەکان( المتفق عليها) لەبەرچاوبگرێت، ئەمە بۆ توێژینەوە یاساییەکانیش هەروایە. جیاکاری ئەرێنیش وەك چەمکێکی یاسایي کۆمەلێك پێشگریمانەی هەیە کە ئەمانە هەندێکیانن:

ا- دەبێت جیاوازی لە نێوان یەکسانی فۆرمی و یەکسانی راستەقینە بکرێت

ب-بنەما یاساییەکان هەمیشەیین بەلاٌم رێسا یاساییەکان تا ئەو کاتە کاردەکەن کە لەکاردەخرێن یان هەڵدەوەشێنەوە.

ج- بابەتی جیاکاري ئەرێنی تەنها تایبەت نییە بە بابەتی ژنەوە، بەڵکو هەموو بێبەشکراوەکانی دیکەش( وەك منالاٌنان و کەمینە نەژادی و ئاینی و نەتەوەییەکانیش) دەگرێتەوە.

د- جیاکاریە نەرێنی و ئەرێنییەکان سروشتی و خواکرد نین و ئێمە لە کۆمەڵگە خولقاندوومانن و بابەتی فەرهەنگین دەکرێت لە لايەن کۆمەڵگەوە بگۆرِێن.

2- یەکێك لەسەرەکیترین تایبەتمەندیە جیاکەرەوەکانی بنەما یاسایي و سیاسییەکان ئەوەیە کە ئەوان بنەرەتی رێسا یاساییەکانی یاسای گشتین، جیاکاري ئەرێنیش یەکێك لە بنەما یاساییەکان دادەنرێت کە هەنوکە لە زۆربەی سیستەمە سیاسی و یاسایە نێو دەوڵەتی و ناوخۆییەکاندا کاري پێدەکرێت.

3- بنەمای جیاکاری ئەرێنی رۆڵی تەواوکارانەی بۆ بنەمای یەکسانی و ئینساف هەیە بۆیە بوونێکی کاتی هەیە و مەرجدارە بە هێنانەدی ئەو بنەمایە.

4- رێساكانی جیاكاری ئەرێنی رێساي فەرماندەرن(القواعد الآمره) لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەك نابێت وەلابنرێن تا ئەركی خۆیان جێبەجێ بكەن، هەروەك ئەو تاوانانەی پەیوەندیان بەو بنەمایەوە هەیە دەبێت بە تاوانی گشتی بێنەئەژمار كە پێشكەشكردنی سكالآ لە دژیان نابێتە مافی كەسی.

5- دەستووری عێراق دەستوورێكی پێشكەوتووە لە بواري جیاكاری ئەرێنیدا دیاریكردنی رێژەی 25% وەك كۆتا بۆ ژنان لە ئەنجەمەنی نوێنەران نمونەی دیاری ئەو جیاكاریە ئەرێنییەیە.

6- لە بەر ئەوەی هەرێمی كورستان بەشێكە لە دەوڵەتی عێراق، یاسای كارپێكراوەكانی عێراقیش هەم جیاكاری ئەرێنی و هەمیش جیاكاری نەرێنییان تێدایە، بەڵام جیاكاری نەرێنی زاڵترە. بەڵام سیاسەتی یاسايی هەرێمی كوردستان زێتر بەلاي جیاكاري ئەرێنی و ئەو رووگەیەوە دەروات كە سیستەمە سیاسی و یاسایە جیهانیە نوێكە( نێو دەوڵەتی و نیشتمانی) گرتوویەتە بەر كە ئەویش جیاكاری ئەرێنییە.

7- لە یاسادانانی هەرێمی كوردستاندا هەوڵی ئەوە دراوە ئەو جیاكاریە نەرێنییانەی لە یاساكارپێكراوەكانی عێراقدا یان لەكار بخرێن، یاخود بۆ جیاكاری ئەرێنی هەمواربكرێن.

8- سەرەرای ئەو رەخنانەی لێنگیراوە یاسای (بەرانگاربوونەوەی توندو تیژی خێزانی) هەرێمی كوردستان یاسایەكی لەو شێوەیەدا یەكەمە لە عێراق و پێشەنگە لە ئاستی ولآتانی ناوچەكە لە رووی جیاكاری ئەرێنییەوە بۆ ژنان.

9- جیاكاری ئەرێنی لە یاسای (بەرانگاربوونەوەی توندو تیژی خێزانی) دوو لایەنی هەیە، لایەنی تاوانناسی(التجریم) و لایەنی پارێزگاري(الحمائي). كە ئەمەش سروشتێكی سیاسی هەیە و بنەمایەكی سیاسی گرنگی ئەوتۆیە كە دەشێت وەك بنەما لە زۆر بواری سیاسی دیكەدا رەچاو بكرێت.

10- جیاكاریە ئەرێنییەكانی ژنان لە یاسای (بەرانگاربوونەوەی توندو تیژی خێزانی) بە هەردوولایەنەكەیەوە یان بە ئاشكرايي و راشكاوی یاخود بە شێوەی ناراستەوخۆ چەسپێنراون.

**دووەم: پێشنیارەكان:**

1- جیاكاری ئەرێنی ژنان یەكێك لە بنەما یاسایە جیهانییەكانە و تەواوكەري بنەمای یەكسانی و ئینسافە، یاسادانەر لە هەرێمی كوردستان هەنگاوي باشی بۆ هاوێشتووە. لەم رووەوە لەپێش ولآتانی ناوچەكەدایە لە یاساكانیدا. دەبێت هەنگاوی زیاتریش بنێت و یاساكانی بەم ئاكارە جیهانیە دەربكات.

2--چاكسازی لە هەندێك كایەی یاسايي وەك یاسای گشتی وبە بنەماكردی چەمكانێكی وەك (جیاكاری ئەرێنی) دەرەنجامی چاكسازی سیاسی دەبێت و هەر دەستكاریكردنێكی چاكسازییانەی یاسا گشتییەكان و ئەو جۆرە چەمكانەی پەیوەندییان بە عەدالەتەوە هەیە بەستراوە بە چاكسازی سیاسییەوە و چاكسازی سیاسی و یاسايي پێكەوە بەستراوون.

3-جیاكاری ئەرێنی قەرەبووكردنەوەی یاساییانەی بێبەشەكانە و تایبەت نیە بە ژنان و دەبێتە توێژە بێبەشەكنی دیكەش جیاكاری ئەرێنییان بۆ بكرێت لەوانەش منالآن و بە تەمەنەكان و خاوەن پێویستیە تایبەتەكان .

4- لە هەرێم هەوڵدراوە ئەو یاسایانەی عێراق جیاكاری نەرێنییان تێدایە هەموار بكرێنەوە، بەلآم هێشتا زۆرێك لە یاسا پێشترەكان كە هەنوكە لە هەرێمی كوردستانیش كاریان پێدەكرێت جیاكاری نەرێنیان تێدایە،كە دەبێت یان كارپێكردنیان رابگیرێت یاخود هەموار بكرێنەوە.

5-لەبەرئەوەی رەچاوكردنی جیاكاری ئەرێنی ژنان هەنوكە رووگەیەكی جیهانیە، وای كردوە لە هەرێم پەلە بكرێت لە دانانی ئەو یاسایەنەی كە ئەو بنەمایە دەچەسپێنن، بەڵكو دەركردنی یاسایانێك كە دووبارەبوونەوەی هەمان حوكمەكانی رێساكانی یاساكانی پێشترن.ئەمەش وا دەكات شپرزەیي دروست ببێت لەدانانی ئەو جۆرە یاسایانەو و هەمیش هەلآیسانی یاسادانان دروست بكات. بۆیە دەبێت یاسادانەر لە كاتی یاسادانانەدا ئاگای لەم بابەتە بێت و لەم رووەوە نەچێتە ژێر جێكەوتی رێكخراوە ناوخۆیي و جیهانییەكان و گروپەكانی گوشارەوە.

6-لەكاتی دانانی هەر یاسایەكدا پێشگریمانەكان لەبەرچاوبگیرێن، جا ئەو پێشگریمانانە یاسايي یان لە دەرەوەی یاساوە بن بەلآم پەیوەندییان بە یاساوە هەبێت، لەوانە پێشگریمانە هزرری و ئەخلاقي و ویژدانییەكان وەك لە جیاكاريي ئەرێنیدا دیارە. چونكە ئەو بابەتە پێش ئەوەی بابەتێكی یاسايي بێت بابەتێكی ویژدانی و ئەخلاقییە.

7-بێجگە لە رۆڵە كردەییەكەی یاسا و رێسا یاسایە نوسراوەكان دەبێت بیر لە رووە هزرریە یاسايي و بنەما یاسایەكانیش بكرێتەوە تا هەم تواناي روونكردنەوەی زێتر بدەن بە یاساكان و ئالۆزی و هاودژی بۆ یاسادانەر دروست نەبێت لە كاتی دانانی رێسا یاساییەكاندا و نارووونیش بۆ تاك دروست نەبێت لە كاتێكدا كە لەتەك یاسادا رووبەروو دەبێتەو و هەمیش پەیوەندی قوولْ لە نێوان یاسا و سێكتەرەكانی دیكەی كۆمەڵگەدا دروست ببێت.

8-یەكێك لە بابەتە بەهێزەكانی یاسای (بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی) بریتییە لەوەی كە تەنها پشتی بە تاوانناسی(التجریم)نەبەستووە، بەڵكو لە هەمان كاتدا حسێبی بۆ لایەنی پارێزگاری(الحمائي) بابەتەكە كردووە كە هەم گرتنەبەری ئامراز و هەم دروستكردنی دەزگاشی بۆ دابین كردووە و ئەمەش كارێكی زۆرگرنگە و توێژەر پێشنیاز دەكات ئەم بابەتە بۆ بێبەشەكلانی دیكە بگیرێتە بەر بەمەرجێك چاودێري ئەو ئامراز و دەزگایانە بكرێت تا نەبنە ستەمێكی تازە لەسەر ستەمە پێشتر لێكراوەكانی ئەو بێبەشانە.

9-پێویستە لە هەرێمی کوردستان هاوئاهەنگی زیاتر لەتەك بزووتنەوە و سیستەمە یاساییە جیهانییەکان و سوود بینینن لە ئەزمونی ولاَتانی دیکە لە هەموو بوارەکانی یاساداناندا. وەك لە بواری جیاکاری ئەرێنی ژناندا ئەنجام دەدرێت.

**پەراوێزەکان:**

1- ئەم بابەتە لەسەردەمی بەعسدا زۆر روویداوە زۆرجار تایبەتمەندییەکان بۆ بەعسییەکان بوو لە زۆربەی پۆستەکاندا، چونکە لە بنەرەتدا ئەو پۆستانە تەنها لە دەست بەعسییەکاندا بوون.
2- دواتر لە رەخنەکانی جیاکاري نەرێنی زێتر لەسەر ئەم بابەتە رۆشتووین.
3- ئەمەش بۆ هەموو زانستە مرۆییەکانی دیکەش راستە
4- لە جۆرەکانی جیاکارییدا باسمان کردوون
5- ئەم رەخنانە بنەمای گفتوگۆکانی نێوان فەیلەسوفی یاساي بەناو بانگ دورکین و فەیلەسوفی سیاست و ئەخلاق ساندلە بروانە: مایکل ساندل(1394) لیبرالیسم و محدودیتهای عدالت، ترجمه: حسن افشار، نشر مرکز، چاپ اول.ل 160 -172)
6- لە نمونەکانی دواتردا ئەمە باشتر دەردەکەوێت بە تایبەت لە و یاسایانەی بە نمونە هێناومانەتەوە: یاساي سزاداني عێراقی ژمارە(111) سالَی (1969) و یاساي باری کەسێتی ژمارە(188) سالَی 1959.
7- فەرموودەیەکە پێشەوا نەسائي و ئیبن ماجە و ئیمام ئەحمەد ریوایەتییان کردوە.پلەی لای هەندێك سەحیح و لاي هەندێك حەسەنە.(ابن ماجه(ط الحلبي(3/2) و(الفتح الرباني الطبعة السلفية(384/2))

## لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: کتێبەکان:**

1-بغدادی ، ابراهيم عبدالسلام(2010)، المراة والعمل السياسي، مركز عمان لدراسات حقوق الانسان، عمان.
2-آستنلی آي.بن(1392)، برابری اخلاق و اجتماعی در دانشنامه فلسفه اخلاق( ویراسته پل ادواردز/ دونالد ام بورچرت، مقدمه ترجمه وتدوين: انشاء الله رحمتي نشر سوفيا، تهران، چاپ نخست.
3-آرش نراقی(2015) فلسفه حقوق (متن درس گفتار)،آموزشکده (توانا) برای جمعه مدنی ایران.2
4-- امين، مثنى الكردستاني، (2004)حركات تحرير المرأة من المساواة الى الجندر، دار القلم للنشر والتوزيع، القاهرة ، الطبعة الاولى.
5- امام بروفيسور زكريا رشيد(2000) المرأة والعولمة والهوية الثقافية ، الخرطوم، ورقة مقدمة لمركز دراسات المرأة .
6-ألان سوبيو، (2012)الإنسان القانوني(بحث في وظيفة لقانون الانثروبولوجية)، ترجمة: عادل بن نصر، المنظمة العربية للترجمة، الطبعة الأولى، بيروت، ايلول(سبتمبر).
7-البشير، عبدالباقي البكرى زهير،( 1989)المدخل لدراسة القانون، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي جامعة بغداد.
8- تحسين حمةسعيد( 2017م) تطور الفكر القانوني ودوره في جلب الرضا الشعبي، المجلة العلمية لجامعة جهان، المجلد (1) ،العدد(2).
9-حمه غريب، تحسين ، (2007م) (جون راولز فيلسوف العدالة) نظريته في العدالة ونتائج تطبيقها على القانون (القانون الدولي نموذجا)،رۆشنبير للنشر والتوزيع، سليمانية، الطبعة الأولى
10-حمةغريب تحسين(2016)، العداله و نظرياتها مع نظرة حخاصة لنظرية آمارتيا سن في العدالة)من منشورات جامعة االتنمية البشرية، السليمانية الطلعة الاولى.
11-دباغ،سروش،سكوت ومعنا (1387هـ.ش) (جستارهايي درفلسفه ويتگنشتاين)، مؤسسة فرهنگی صراط ، تهران.
14-حسين ساكت، محمد، ( 1371 ه) حقوق شناسي، ديباچهای بر دانش حقوق، مشهد، چاپ أول.
15- حياتي، علي عباس(1393)مقدمه حقوق، نشر: ميزان، تهران، چاپ يازهم.
16- جعفرى لنگرودى(1388) مبسوط در ترمنولوژى حقوق، ج 1، گنج دانش ، تهران، چاپ چهارم.
17-جعفرى تبار، حسن (1383) مبانى فلسفى تفسير حقوقى، شهركت سهان ، تهران.
18-چالمز آلن ف، (1374)، چيستي علم ، ترجمة: سعيد زيباكلام، شركت انتشارات علمى و فرهنگى.

19- حمه غريب، تحسين ، (2007م) (جون راولز فيلسوف العدالة) نظريته في العدالة ونتائج تطبيقها على القانون (القانون الدولي نموذجا)،رؤشنبير للنشر والتوزيع، سليمانية، الطبعة الأولى.

20- الكوتا النسائية في لنتخابات اللبنانية، (2015) برنامج امم المتحدة الانمائي، مشروع دعم انتخابات اللبنانية،

21-سعيد تبسي هالة (2011)حقوق المر أة (في ظل اتفاقية القضاء على جميع اشكال التميز ضد المارة ) . الطبعة الاولى ،منشوارت الحلبي الحقوقية لبنان

22-سيد فهمى محمد، 2007) المشاركه السياسيه والاجتماعيه للمرأه في العالم الثالث، دار والوفاء لدنيا الطباعة والنشر الاسكندرية

23_ سن أمارتيا،(1431هـ_2010م) فكرةالعدالة،ت:مازن جندلي، الدار العربية للعلوم ناشرون/ ترجمه مؤسسة بن راشد آلمكتوم، الطبعةالاولى.

24-سروش،عبدالكريم،1380( هـ. ش تفرج صنع)،مؤسسه فرهنگى صراط، تهران،چاپ پنجم،.

25- الشرفاني، الدكتور ابراهيم محمد صالح،(2016)(رقابة المحكمة الدستورية على السلطة التقديرية للمشرع)، منشورات الحلبي الحقوقية الطبعة الاولى.

26- الشاوي، الدكتور منذر، فلسفة القانون، مطبوعات المجمع العلمي العراقي، بغداد،1414هـ-1994م.

27- صادقى، محسن(1394)، اصول حقوق جايگاه آن در حقوق موضوعه، نشر ميزان ، تهران ، چاپ دوم.

28- غلامحسين مقدمحيدرى،( 1387هـ.ش) قياس ناپذيرى پاراديمهاى علمى، نشر نى ، تهران، چاپ دوم.

29- كاتوزيان،دكترناصر ،(1385 هـ ش)فلسفه حقوق،جلد أول،شركت سهامى انتشار، تهران، چاپ چهارم.

30-محمدپور،احمد(1389) روش در روش، انتشاات جامعهشناسان، چاپ سوم.

31--ريموند ويكس(١٣٨٩) فلسفهى حقوق، ترجمهى : فاطمه آبيار ، ناشر: رخداد نو، چاپ اول.

32-الزلمي، الدكتور مصطفى أبراهيم، (2002) أصول الفقه في نسيجه الجديد، الجزء الأول، شركة الخنساء للطباعة المحدودة، بغداد، طبعة تاسعة

33- د.مصطفى الزلمي، (2008) فلسفة القانون، منظمة نشر الثقافة القانونية مؤسسة O.P.I.C للطباعة والنشر (مشروع الحقوق للنتاجات القانونية ) السلسلة رقم(95)، اربيل،

34-المبارك سعيد عبدالكريم مبارك،(1982)، اصول القانون وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، الطبعة الاولى.

35- مثنى أمين الكردستانى(2004) ، حركات تحرير المرأه من المساواة الى الجندر، دار القلم ، الكويت، الكبعة الاولى.

36-محمود حكمت نيا، 1390هـ ش فلسفه حقوق در ( فلسفههاى مضاف،) به كوشش : عبدالحسين خسرو پناه ، جلد دوم، سازمان انتشارات ثذوهشطاه فرهنط و اندشة اسلامي، چاپ دوم تهران.

37-- منال فنجان علك، ( 2007) مبدأ عدم التمييز ضد المأرة في القانون الدولي والشريعة الإسلامية، منشورات الحلبي الحقوقية لبنان

38--مارك تبيت، (1384) فلسفه حقوق، ترجمه: حسين رضايى خاورى، دانشگاه علوم اسلامى رضوى ، مشهد .

39-مايكل ساندل(1394) ليبراليسم و محدوديتهاى عدالت، ترجمه: حسن افشار، نشر مركز، چاپ اول.

40- مايكل والتزر(1389)( حزرهاى عدالت (در دفاع از كثرتگرايى و برابرى، ترجه: صاح نجفى ، نشر ثالث، طهران، چاپ اول

41-- ميشيل اندريه (1376) بيكار ي تبعيض جنسى، ترجمه: محمد جعفر بيونده مؤسسه انتشارات نگاه، تهران

42--الدكتور نبيل محمد سعد، (2010) المدخل الى القانون ، نظرية الحق، منشورات الحلبي الحقوقية، الطبعة الاولى.

43- الهيتي، د.محمد محروس(2011) ( النظرية العامة للجرائم الاجتماعية ، منشورات زين الحقوقية، بيروت ، لبنان. الطبعة الاولى.

**دووەم: تويَژينەوە و بلاَوكراوەكان:**

پۆلانژيه، جان(1376) ،اصول كلى حقوق و حقوق موضوعه، تلرجمه: على رضا محمد زاده وادقانى، مجله دانشكده حقوق و علوم سياسى دانشگاه تهران، ژ36.

حسن،د محمد رشيد(2018)(تجليات في السياسة الجنائية للقوانين ذات الصل' بالاسرة،ة مجلة دراسات سياسية وقانونية،كلية القانون والسياسة جامعة السليمانية، العدد12.

عزيز، د.سردار علي(2013)،قراءة نقدية لقانون مناهضة العنف الاسري لإقليم كردستان العرا، دراسة نقدية في ضوء القانون رقم 8 لسنة 2011.

عميور خديجه(2018)، التميز الايجابي في المزاپيق الدوليه والقانون الجزائري، في مجله دفاتر سياسيه و القانون .

غادة نير لبين احسان(2014)، التدابير الإيجابية في القانون الدولي العام، رسالة ماجستلر نقدمة الى جامعة الشرق الاوسط،منشور على موقع الجامعة، على الرابط https://www.meu.edu.jo/uploads/1/587ddedee15ca_1.pdf.

هنا صوفي عبدالحي،(2009) الكوتا النيابية النسائية بين التأييد الدولي والمواقف العربية المتناقضةالمجلة العربية للعلوم السياسية، الجمعية العربية للعلوم السياسة، العدد(23)، بيروت.

وعد قنام(2018)،الكوتا الانتخابيه بين المساواة والتمييز: دراسة تحليليه، سلسله اوراق عمل (2018/2)(فئه اوراق طلبة ماجستر، جامعه بيرزيت كلية الحقوق والإدارة العامة، وحدة القانون الدستوري:

**سێیەم: یاساکان:**

المجلس الوطني لاقليم كردستان – العراق، قانون رقم(8) لسنة 2011، قانون مناهضة في اقليم كردستان – العراق، 4/7/ 2006.
http://investpromo.gov.iq/wp-content/uploads/2013/06/kurdistant-regional-investment-law-no-8-of-2011-Ar.pdf
یاسای سزادانی عێراقی ژمارە(111) ساڵی (1969)
یاسای بنەماکانی دادگاییکردنەکانی سزایی ژمارە(23)ساڵی( 1971)
یاسای هەموارکردنی باری کەسێتی هەرێم ژمارە(15) ساڵی(2008)
( یاسای شارستانی عێراقی، ژمارە(40) ساڵی(1951))
پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەك دژی ژنان لە ساڵی 1979(http://hrlibrary.umn.edu/arab/b010.html)

چوارەم بە زمانی ئینگلیزی:

1-Bartltt Kathrine, (1995),Traditinal Cangeand the Idea of progress in Feminist legal Thought,1995) Wisconsin Law Review.
2-Dwokin Ronald “foundation of libral equality” published in “The Tanner، 1990”، edited by Grethe Peterson lectures on human valves
3-Donovan, j., 2000, Feminist Theory: The Intellectual, Traditions, Third edition, London, Continuum
4- Friedman, Marilyn, 2000, Feminism In Ethics: Conception Of Autonomy , in: The Cambirdge
5-(Hilary Putnam,(2002) The Collampse of Fact/ Value, arrangement with Harvard Univercity
6-International encyclopedia of the social science, Vol.1, Macmillan Reference USA,Detroit, 2d. Ed., 2008,p.30
7-Jagaar, Alison, 2001, Feminist Ethics , In:Encyclopedia Of Ethics, ed. by:Lawrence Becker And Charlotte Becker, London And New York: Routledge, 2nd ed
8-Olsen,(1990),Fiminism and Critical Legal Theory: An American Perpecpective , Internation jurnal of SOCIOLOGY OF LAW,199
9-Thomas Sowell( 2004) Affirmative action around the world: an empirical study, Yale University Press, London
10-Ronald Dworkin, Affirmative action is it fair? The Journal of Blacks In Higher Education, The JBHE Foundation, No.28, Summer 2000
11-Whacks, Raymond, (2006) Philosophy of law; Avery short Introduction, Oxford, University Press Inc. New York.
12-Will Kymlicka, Politics in the vernacular: nationalism multiculturalism and citizenship, Oxford University Press, Oxford, 2001.
13. See also Rodney E. Hero and Robert R. Preuhs, “Multiculturalism and welfare policies in the USA: a state level comparative analysis”, in, Keith Banting and Will Kymlicka, Multiculturalism and the welfare state, Oxford University Press, Oxford, 2006, p.123.

# پوختە

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە بواری برای فەلسەفەی یاساوە، تێیدا لێکۆڵینەوە دەربارەی پێگەی جیاکاری ئەرێنی ژنان لە ناو هزری یاساییدا کراوە، پاش دیاریکردنی پێشگریمانەکانی چەمکەکە وەك ئەوەی کە دەبێت جیاوازی بکرێت لە نێوان یەکسانی رووکەش و فۆرمی لەگەڵ یەکسانی راستەقینە، لەبەرئەوەی کە جیاکاری ئەرێی تایبەتمەندییەکە دەدرێت بە بێبەشەکان کە لە رووکەشدا نا یەکسانی دروستکردنە تا بێبەشبوونەکانی پێشتر و ئێستایان بۆ قەرەبوبکرێتەوە، جیاکاری ئەرێنیش تایبەت نییە بە ژنانەوە بەڵکو بۆ هەموو بێبەشەهکانی دیکەی وەك کەمینەکان و منالان و بە تەمەنەکانە. ئەگەرچي لە رەگەزی مێینەدا زۆرتر دیارە و لە سیاسەتی یاسادانانی جیهانی چ لە یاسای نێو دەوڵەتی و نیشتمانیشداکشاوەتە ناو یاساکانەوە و پەیماننامە و کۆنگرەو کۆنفرانسی بۆ دروستبوونی رێکخراوی نێو دەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی رێکدەخرێت .

جیاکاری ئەرێنی یەکێك لە بنەما یاساییە لقییەکان دادەنرێت و تەواوکاری بنەمای یەکسانی و ئینسافە، بۆیە بوونی بەستراوە بە بوونی ئەو بنەمایەوە . بنەماکانی یاساش زۆربەی جار لە ناو یاساکاندا نەنووسراونەتەوە، بەڵام رێسا یاساییەکان بە رەچاوکردنی ئەوان دادەنرێن و بۆیە دەبێت یاسادانەر لە کاتی یاسادانانندا رەچاوییان بکات. جیاکاری ئەرێنیش وەك یەکێك لە بنەما یاساییەکان لە سیاسەتی یاسایي جیهاندا رەچاو دەکرێ. یاسادانەر لە هەرێمی کوردستانیش هەوڵي ئەوەی داوە ئەو بنەمایە رەچاو بکات، ئەمە لە کاتێکدا یاسادانەری فیدراڵي عێراق کەمتر لاي بەلاي ئەم بنەمایەدا کردووەتەوە . هەربۆیە یاسکانی هەرێمی کوردستان زیاتر لەگەڵ سیاسەتی یاسادانانی جیهانی دێنەوە، هەربۆیە یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان هەوڵي راگرتن کارپێکردنی ئەو یاسایانەی عێراق کە لەگەڵ بنەماکەدا نایەنەوە یاخود هەمولاری کردوونەتەوە یان یاسایانێکی لە پیناو جێبەجێکردنی بنەماکە داناوە کە یاسای را:گرتنی توندوتیژیخێزانی لە دیاترینی ئەو یاسایانەیە.

الملخص:

يدخل هذا البحث في حقل فلسفة القانون . حيپ حقق فيه حول موقع التمايز الايجابي للمرأه في الفكر القانوني. بعد تحديد مفترضات المفهوم، كوجوب التمييز بين المساواة الشكليه والمساواة الحقيقيهة، لأن التمايز الايجابي هو امتياز يعطى للمحرومين وكأنه وفي الظاهر خلق عدم المساواة ، وهو يشكّل حتى يعوض لهم المحرميه التي مورست من قبل وتمارس الآن. وأن التمايز الايجابي لا يختص بالنساء فقط بل بجميع الفئات المحرومة الأخرى كالأقليات والأطفال وكبار السن، وإن كان في العنصر النثوي أكثر ظهورا. فدخل في السياسه التشريعية العالمية سواء كان في لقانون الدولي او في القانون الوطني ، فينعقد الاتفاقيات الدولية و يعقد المؤتمرات وينشأ المنظمات الدولية من أجل ذلك.

يعتبر التمايز الايجابي من المبادئ القانونية الفرعية و مكملا لمبدأ المساواة والإنصاف، ولهذا وجوده متعلق بوجود ذلك المبدأ ، ومعلوم أن المبادئ في أغلب الأحوال ليست مكتوبة في التشريعات، ولكن على المشرع أن يراعيها عند وضعه القواعد القانونية. قالتمايز الإيجابي كمبدأ قانوني يراعى في التشريع العالمي، والمشرع في إقليم كردستان العراق حاول مراعاه المبدأ في الوقت الذي لم يلتفت المشرع الاتحادي الى المبدأ كثيرا، ولهذا االسياسة التشريعية في الأقليم اكثر توافقا مع السياسة التشريعية العالمية ، ولهذا حاول المشرع الكردستاني الغاء العمل بالقوانين الاتحاديه او تعديلها او تشريع قوانين جديدة تطبيقا للمبدأ والتي تدخل ضمن صلاحياته، فقانون مناهض' العنف الأسري خير مثال على ذلك و الذي ليس له مثيل في العراق حى الآن.

Abstract:

This research enters into the field of philosophy of law. He investigated it about the positive differentiation of women in legal thought. After defining the assumptions of the concept, such as the necessity to distinguish between formal equality, and real equality, because positive differentiation is a privilege given to the disadvantaged as if it appears to create inequality, and it is formed until it compensates them with the forbidden, which was practiced before and is now practiced. And that positive differentiation is not only concerned with women but also with all other disadvantaged groups, such as minorities, children and the elderly, even if the female component is more visible. So it entered into the global legislative policy, whether in international law or in national law, so would hold international agreements, hold conferences and establish international organizations for that.

Positive differentiation is considered a subsidiary legal principle and complementary to the principle of equality and fairness, and for this existence is related to the existence of that principle, and it is known that the principle are not often written in legislation, but the legislator must take them into account when setting legal rules.

Positive the positive differentiation as a legal principle that is observed in global legislation, and the legislator in the Kurdistan region of Iraq tried to observe the principle at a time when the federal legislator did not pay much attention to the principle, and this legislative policy in the region is more in line with the global legislative policy, and this is why the Kurdistan legislator tried to repeal or amend federal law Or legislate new laws in implementation of the principle that fall within its powers, so the anti-family violence law is a perfect example of this, which has no parallel in Iraq so far.